# هێرمان هیسە

## کۆمەڵێك وتار

زانیار عەلی

لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردیی

# هێرمان هیسە

زانیار عەلی
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردیی

- بابەت: کۆمەڵێک وتار
- چاپ: یەکەم
- نەخشەسازیی و بەرگ: محەمەد زاری
- چاپخانە: کارۆ
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە ( )ـی ساڵی ٢٠١٨ی پێ دراوە.

# هێرمان هیسە

## کۆمەڵێک وتار

زانیار عەلی
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردیی

٢٠١٧

## نۆبەرەی کارەکانم، پێشکەش بە:

- ئەوکەسەی هەمیشە وەک تارمایی، لەپشت سەرکەوتنەکانمەوەیە.
- دایک، باوک، خوشک و برا و ئازیزانم.
- ئەوانەی هیچیان پێشکەش نەکراوە!
- بۆ دۆستی هاوڕێم، زانیار حوسێن، کە خەمخۆری سەرەکیی چاپی ئەم کتێبەم بوو.

# ناوەڕۆك:

پێشەکیی.................................................................۷

هێرمان هیسە، بلیمەتێکی ئەدەبیی نەمر.......................۱۲

هێرمان هیسە، ئەدیبێک بەدووی نهێنییەکانی
بووندا دەگەڕێت........................................................۲۱

گەشت بۆ ڕۆژهەڵاتی هێرمان هیسە،
گەشتێک بۆنێو ڕۆح...................................................۳۱

یاریی گۆ شووشەییەکان، زیاد لە ڕۆمان،
زیاد لە ژیانێک.......................................................٤٠

گورگی ڕووتەڵانی هێرمان هیسە؛
تاکوو دواجار خۆت دەدۆزیتەوە.................................٤۹

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی نەرسیس و گۆڵدمۆند..............٥٧

ئاگامەندیی کلۆڵییە ئەی سیدهارتا! ..............................٦٦

سیدهارتا؛ دەربارەی تێکەڵکردنی ڕۆح و ژیان.................٧٢

دێمیان، ئەو ڕۆمانەی بەدووی
خودی مرۆڤدا دەگەڕێت.........................................٧٩

دێمیان؛ ئایا هەموو هەڵەیەک خراپەیە؟........................٨٣

هێرمان هیسە؛ ئەوەی دارەکان فێریانکردین،
دەربارەی ناسنامە و ژیان.........................................١٠٢

بۆ شاعیرێکی لاو..................................................١٠٩

# پێشەکیی:

یەکێک لەو ئەدەبانەی بەردەوام ئەدیبی گەورە و گرنگ بەرهەمدەهێنێت؛ ئەدەبی ئاڵمانییە. لە نێوەندی ئەدەبی جیهانییدا، پتر لە دوو سەدەیە، ئاڵمانیا گەورەنووسەر و بلیمەت لەخۆدەگرێت. یەکێک لەو نووسەرانەی، جێگەیەکی بۆخۆی قاییمکرد و خۆی ناساند، هێرمان هیسە بوو. هیسەی هەڵگری خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی، لەماوەی ژیانیدا، کە پڕ بوو لە نەخۆشیی و ماڵوێرانیی و گەشت و گەڕۆکیی، لە هەناوی خۆیەوە ئەدەبێکی پێشکەشکردین، تژییە لە بەها مرۆڤایەتییەکان، ڕۆچوونی خود، ڕامان لە سرووشت و بوون و ژیان. هاوکات یەکێکە لەو نووسەرانەیش، دەقەکانی بۆ زۆبەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون، بەردەوام لێکۆڵینەوەیشی لەسەر دەکرێن.

بۆ ئێمە وەکوو کورد، کەمتر دەستمان دەگاتە ئەو نووسەرانە، یەکێک لە هۆکارەکانیش، کەمتەرخەمیی وەرگێڕەکانمانن، بەتایبەت ئاڵمانییزانەکان. خۆشبەختانە و لەگەڵ ئەم کارەی مندا، یەکێک لە دەقە گەورە و گرنگەکانی هیسە چاپ و بڵاودەکرێتەوە، ئەویش ڕۆمانی **سیدهارتایە** و، لەلایەن **کەریم پەڕەنگەوە**، لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕانی بۆ کراوە. پێشتریش هەردوو ڕۆمانی **گورگی ڕووتەڵان** و **دێمیان**، **حەکیم کاکەوەیس** و **عیسا چیایی**، کردبوویانە کوردیی.

بۆ من، لەماوەی سیوسیٚ ڕۆژ کارکردنم لەسەر ئەم کتێبە، هەر لە گەڕان بەدووی بابەتەکان و خوێندنەوەیان، تا دەگات بە وەرگێڕان، تایپ و هەڵەچنیان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی هیسەی لەسەرم جێهێشت.

شاعیر، ڕۆماننووس، چیرۆکخوان و وێنەکێش، بەڵام پێش هەموو شتێک؛ مرۆڤ. هیسەی گەڕۆک بەدووی نهێنییەکانی بوون و سرووشت، ئەو بوو پاش دوو جەنگیماڵوێرانکەر،

نیشانەیەکی پرسیار لەسەر مرۆڤبوونمان و، نیشانەیەکی سەرسوڕمانی لەسەر بوونمان دانا.

بۆ ئێمە، لەم تەنگژە سیاسییانە، ئاڵنگارییە دوژمنکارییانە و دۆخە ناهەموارە، بەتەواوی پێویستییەوە، پێویستمان بە هیسەیە. لەڕێگەی ئەوەوە دەگەڕێینەوە ناو سرووشت، گومان و پرسیاردەکەین و، لە شتەکان ڕادەمێنین. ئەزموونەدەکەین، دەگەڕێین و خۆمان یاساکان دادەڕێژن. یاخیی، بەرهەڵستکار و بەرهەنگار دەبین، لە یاسا مرۆڤکوژەکان هەڵدەگەڕێینەوە، هەوڵ و تەقەلای ژیانێکی ئارام دەدەین!

## بۆچیی ئەم کارەمکرد؟

لە کتێبخانەی عەرەبییدا، زنجیرەکتێبی ناساندن هەیە، دەربارە نووسەر، ئەدیب، بیرمەند و فەیلەسووفان، کە بەگشتی و لەسەر جومگە سەرەکییەکانی ژیانیان، دەکۆڵێتەوە. هەمیشە ئەوە مەراقم بووە، کارێک بکەم، کە

پێشتر نەکراوە. گەر بەشێوەیەکی دیکە پرسیارەکە دابڕێژمەوە؛ گرنگیی ئەم کارە لەچییدا بوو؟ ئەڵبەتە وەکوو ستایلی ئیشکردن، پێموابێت کارکردن لەسەر ناوەڕۆکی دەقەکانی نووسەرێک، پێشتر هێندە زۆر و بەربڵاو نەبووە. لەبەر نەبوونی سەرچاوەی بەهێز لەسەر نووسەران و بەتایبەت هێرمان هیسە، ئەم ئەرکەم لەسەر شانی خۆم نا و، بڕیاری کارێکی لەم شێوەم دا. ئەم کتێبە، ئیش لەسەر ژیان و بەرهەمی هیسە، گرنگترین وێستگەکانی ژیانی، دید و تێڕوانین، لایەنە شاراوەکانی، توانا و تەکنیکی نووسینی و، هەڵوەستەیەک لەسەر گرنگترین بەرهەمەکانی، دەکات. کتێبەکە پێکهاتووە لە یازدە وتار و نامەیەکی خودی هیسە، سەرجەمیم لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە. زۆر پشتم بە وتارەکانی **ئیبراهیم ئەلعەریس** بەستووە، لەنێو کۆمەڵێک وتاری زۆر کە لەبەردەستمدا بوو، چەند وتارێکی پوختم هەڵبژراد و وەرمگێڕان. گەر دەرفەت هەبێت، لەداهاتوودا پەلدەهاوم بۆ کۆمەڵەچیرۆکەکانیشی. بەوهیوایەی ئەم کتێبە ببێتە بناغەی کاری باشتر و پتەوتر، هەروەها خزمەتێکی

ئەدەبی هیسە بکات و، کەلێنێک لەو کەلێنە زۆرانەی کتێبخانەی کوردیی، پڕبکاتەوە.

لەکۆتاییدا، سوپاسی قل بە قلی ئەوانە دەکەم، گەر بە وشەیەکیش بێت، یارمەتیانداوم.

**زانیار –١٨/کانوونی یەکەم/٢٠١٧**

# هێرمان هیسە، بلیمەتێکی ئەدەبیی نەمر

لاورا دوینگ

پەنجا ساڵ بەسەر مردنی نووسەری ئاڵمانیی بەناوبانگ؛ هێرمان هیسە، تێدەپەڕێت. بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکانی و بەهەموو زمانە زیندووەکان، هێشتا ماوە و دەخوێندرێنەوە.

هیسە، لەڕێگەی تەکنیکە شیعرییە تایبەتەکەی، بابەتە مرۆڤایەتیی و دەروونییە قووڵەکانی، سەرکەوتنێکی

گەورەی بەخۆوە بینی، کە وای لێکرد ببێتە نووسەرێکی گەردوونیی.

لە زمانی ئاڵمانییدا، گەر بتەوێت لە بەهای شتێک کەمبکەیتەوە، دەڵێیت "ئەم شتە وات لێناکات، تەنانەت ببیتە خاوەن ئینجانەیەکی گوڵیش!"، ئەمە درووست ئەو دەربڕینە بوو، کە هەفتەنامەی ئاڵمانیی **دی تسایت**، ساڵی ١٩٦٢، بەکاریهێنا: "لەگەڵ هێرمان هیسە، مرۆ ناتوانێت ببێتە خاوەن ئینجانەیەکی گوڵ!". هەفتەنامەکە، ئەم قسەیەی دوای مردنی هیسە، لە ٩/ئاب/١٩٦٢، کە ئەودەم لە تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵییدا بە پەستانی خوێن مردبوو، بڵاوکردەوە.

بەڵام ئەمڕۆکە وادیارە، هەفتەنامەی **دی تسایت،** بەهەڵەداچووە؛ ئاخر کتێبەکانی هیسە، هێشتا لە ڕەفەی کتێبخانەکانن و دەخوێندرێنەوە. سەبارەت بە تیراژی جیهانیی کتێبەکانیشی، ئەوا کەمتر نین لە ١٢٥ ملیۆن تیراژ، ئەمە و بگرە کتێبەکانیشی، بۆ شەست زمانی جیهانیی وەرگێڕدراون!

هەر لە سەرەتاوە، ئەوە بۆ خودی هیسەیش ڕوون بوو، کە دەبێتە نووسەر، بەڵام دایک و باوکی، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ ئەمەدا دەکرد. ئەوان حەزیانکرد، هیسە پیاوێکی ئایینیی بێت، ئاخر پێش لەدایکبوونی، باوکی مژدەدەر بوو لە هیندستان، دایکیشی کچی یەکێک لە موژدەدەرەکان بوو. لە ٢/تەمموز/١٨٧٧، هێرمان هیسە لە **کالڤ**، نزیک **شتوتگارت**، لەدایک بوو. لە خێزانێکی زۆر باوەڕدار گەورەبوو. ساڵی ١٨٩١، دایک و باوکی، هیسەیان ناردە پەرستگەی **ماولبرۆن**ی پرۆتستانتیی. دوای چەند مانگێک، لەوێ هەڵهات، چونکە بڕستی خوێندنی ئایینی مەسیحیی نەبوو.

## "یان دەبمە شاعیر، یان نابم بە هیچ!"

بڕیارەکەی ڕوون بوو؛ ئەو دەیەوێت ببێت بە شاعیر، یان نەبێت بە هیچ. هیسە لە زۆر خوێندنگە خوێندی، بەڵام لە هیچیاندا خۆی نەدۆزییەوە. لە تەمەنی پازدە ساڵییدا، لە قۆناغێکدا کە زۆر هەستی بەنائومێدیی دەکرد، هەوڵی

خۆکوشتنی دا. لە کۆتاییشدا، هیسە مژوولّی کارکردن بوو، جارێک لە کارگەی درووستکردنی ئامێرەکان، جارێک لە کارگەی درووستکردنی کاژێر، جارێکیش لە کتێبخانەکان.

لە پرۆسەی گەڕان بەدووی ناسنامەدا؛ قۆناغی خۆسەلماندن قورستریین بوو. ئەمە یەکێک بوو لەو باسانەی، دواتر لە ڕۆمانەکانی کاری لەسەر کرد، کۆمەڵێک ڕۆمان و چیرۆکی بەرهەمهێنا، کە ئەزموونی ژیانی خودی نووسەر بوون. ئەمانە و لەپاڵ شییکردنەوەی دەمی شاعیربوونی. نووسەی ژیاننامەی هیسە، **کۆنار دیکەر**، گرنگیی بەرهەمەکانی هیسە بەمشێوەیە ڕووندەکاتەوە؛ "گەڕان بەدووی ئازادبوونی خود، تێگەییشتنی ئایینیی، میانڕەو و موژدەنەدەر، بەڵکوو تێگەییشتنێکی ئایینیی کراوە، کە لەگەڵ شێوازەکانی ژیان و کۆمەڵەهزرێکی دیکەدا، بگونجێت.". ئەمەش لای هەندێک کەس، شتێکی نەکردەیە.

ساڵی ١٩٠٤، هیسە بەرەوپێشچوونێکی ئەدەبیی گرنگی بەخۆوە بینی، ئەمەش دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی **پیتەر کامتسیێنت**، بەمەش لەناکاو، توانی وەکوو نووسەر بژی.

هیسە لەگەڵ **ماریا بیرنۆڵی**ی وێنەگر، هاوسەرگیرییکرد، کە پێکەوە لەکن دەریاچەی **کۆنستانس**، ئاکنجیی بوون، چەند منداڵێکیشیان بوو.

بەڕوویەکی دیکەدا، سەقامگیریی و ئاساییش، شتگەلێکی شادییهێن نەبوون بۆ هیسە، بگرە بەپێچەوانەوە، ئەم دووانە بوون بە دوو ئازار بۆی. ئیدی هاوسەرگیرییەکەی بوو بە کێشە، بێگومان ئەم هاوسەرگیرییەیشی، کۆتا دانەی نەبوو.

لەوماڵەی کە لە کێڵگەیەک بوو، لە دەریاچەی **کۆنستانس**، هیسە هەڵهات، بۆ **سیریلانکا** و **ئیندۆنیزیا**، گەشتیکرد.

ئەم گەشتەی بۆ ئاسیا، دواتر ڕەنگدانەوەی زۆری بەسەر بەرهەمەکانییەوە هەبوو؛ ڕۆمانی **سیدهارتا** بەنموونە. پاش گەڕانەوەی لە ئاسیا، لە سویسرا گیرسایەوە. ساڵی ١٩١٤یش، لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیی، خزمەتی سەربازیی دەکرد. بەڵام بەهۆی لاوازیی بیناییەوە، کە هەموو ژیانی بەدەستییەوە دەیناڵاند، ئامادەگیی خزمەتکردنی سەربازیی تێدا نەبوو. بۆیە لەبریی ئەمە، بۆ سەربازگەکان چوو، لەوێ بۆ دامەزراوەیەکی

ئاڵمانیی کاریدەکرد، کە لە شاری **بێرن**، خزمەتی لێقەوماوانی جەنگیان دەکرد.

## لە خۆبەخشێکی جەنگەوە، بۆ خۆفرۆش!

جەنگ و بڵاوکراوەکان دژی هێرمان هیسە بوون. "ئاهـ هاوڕێیان، نا بۆ ئەم ئاوازانە!"، لە سەروەختی هەڵگیرسانی جەنگ، هیسە لە وتارێکدا بۆ ڕۆژنامەی **نوێ تسۆریشێ تسایتۆنگ**، ئەمەی نووسی. تێیدا ڕووی دەمی کردە ڕۆشنبیرە ئاڵمانییەکان و، بانگەشەی دوورکەوتنەوە لە جەنگ و نزیکبوونەوە لە مرۆڤایەتیی، دەکرد. لە ئەنجامی ئەمەش، هیسە کۆمەڵێک ڕق، تووڕەیی و گاڵتەپێکردنی وەدووی خۆی خست. ئەم هەڵوێستەی نووسەران و ڕووداوەکانی جەنگ، هیسەیان تێکشکاند. ئەمانە و لەپاڵ ئەوەیش، دووچاری کۆمەڵێک کێشەی تایبەتیی بوو؛ مردنی باوکی و نەخۆشکەوتنی کوڕە بچووکەکەی. ئەم کێشانەی ساڵی ١٩١٧ تووشی بوون، وای لێکرد هانا بۆ پزیشک بەرێت. هیسە ئەزموونی خۆی لەگەڵ دەروونشیکاریی، لە

ڕۆمانی **دێمیان** و لەژێر ناوی خوازراوی **ئەمیل سێنکلیر**، بڵاوکردەوە.

هاوسەرگیریی یەکەمی هیسە، بە جیابوونەوە کۆتاییهات. خێزانەکەی بەجێهێشت، تاکوو ژیانێکی نوێ دەستپێبکات. لەماڵە نوێیەکەی لە **تیسینۆی** سویسریی، هیسە کۆمەڵێک لە گرنگترین ڕۆمانەکانی نووسی، وەک؛ **گورگی پرووتەڵان**، **نەرسیس و گۆڵدمۆند**. ساڵی ١٩٢٤ش، ڕەگەزنامەی سویسریی وەرگرت و، لەگەڵ **ڕۆث فینگەر**، هاوسەرگیرییکرد، کە دوای سێ ساڵ لەمیش جیابووەوە. ساڵی ١٩٣١، ژنی سێیەمی هێنا، کە مێژوونووسێکی بواری هونەر بوو، بەناوی **نینۆن دۆلبین**، هەتا مردن لەگەڵیدا مایەوە.

## هیسە وەک بەرهەڵستکارێکی نازیزم

بەوەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن نازییەکانەوە، هیسە دڕدۆنگ و نابەدڵ بوو. یارمەتیی هەڵهاتووەکانی لە دەسەڵاتی نازیی دا، وەک؛ **تۆماس مان، بڕتۆڵد برێخت** و، جێگە و خواردنی بۆ دابینکردن. لەکاتی جەنگدا، کارە گەورە و کۆتاکەی نووسی؛ **یاریی گۆ شووشەییەکان**.

ساڵی ١٩٤٦، خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی وەرگرت، لەپای کارە شیعرئامێزە بەرزەکانی، کە بەرەوپێشچوونێکی قووڵی بەها مرۆڤایەتییە کلاسیکییەکان دەردەخات، لەپاڵ ئەو هونەرە بەرزەی لە دەقەکانیدا هەیە.

دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، کارەکانی هیسە لە ئاڵمانیا خوێنەرێکی زۆری هەبوون، ئەمیش لە پرۆسەی گەڕان بەدووی تێڕوانینێکی دیکە و ڕامانێکی خودیی. کاتێک لە ١٩٦٢، هیسە لە ماڵەکەی خۆیدا، لە **مۆنتانیۆلای** سویسریی، کۆچی دواییکرد، کارەکانی کەمتر دەخوێندرانەوە، دوای ئەوەی ڕەخنەگران، کارەکانی هیسەیان بە کۆمەڵەهونەرێکی

ڕزیو، ناوزەدکرد. بەڵام بزووتنەوەی **هیپیز**[1]، کە لە ئەمەریکا ئەمەریکا سەریانهەڵدا، یارمەتیی دووبارە خوێندنەوەی دەقەکانی هیسەیان دا.

ساڵی ٢٠٠٥، خانەی چاپی **زۆرکامپ**، کە بەشێکی زۆری کتێبەکانی هیسەیان بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵڕۆژی مردنیدا، لە هەفتەنامەی **دی تسایت**، نووسیان "هیچ نووسەرێک نییە وەکوو هێرمان هیسە، ئینجانەی گوڵی بۆ چاپخانەکەمان دەستخستبێت!".

[1]- بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بوو، لەسەر دەستی کۆمەڵەگەنجێکی زانکۆکانی ئەمەریکا، لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیست دامەزرا. کاری ئەم بزووتنەوەیە، زیندووکردنەوەی بەها سەرمایەدارییەکان، ئازادیی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستیی بوو، لەڕێگەی شیعر و ئەدەبەوە. (وەرگێڕ).

## **هێرمان هیسە**، ئەدیبێك بەدووی نهێنییەکانی بووندا دەگەڕێت

**فوئاد ئال عەواد**

**پێداچوونەوەی: یووسف بۆفیگلین**

ئەمساڵ ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ئاڵمانیا و، بگرە هەموو جیهانیش، لە یادی پەنجا ساڵەی مردنی هێرمان هیسە (١٨٧٧ – ١٩٦٢)دا، ئاهەنگێکی ئەدەبیی سازدەکەن.

هیسە ڕابەری ئەدەبی **ئەزموونگەریی**ە، بەشێوازە شیعرییەکەی، گەلێ داهێنانیکردووە. لە سەرەتادا، هیسە ڕووی لە جیهانی شیعر کرد، بەڵام هەرکە توانای

ڕۆماننووسیی بۆ دەرکەوت، ڕووی لە ڕۆمان کرد و، لەو مەیدانەدا داهێنەرێکی بێوێنە بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وتەیەکی هەیە، دەڵێت "یان دەبم بە شاعیر، یان نابم بە هیچ!". جێی خۆیەتی ئەوەیش وەبیر خۆمان بهێنینەوە، هیسە خاوەنی دوازدە دیوانەشیعرە، **تۆماس مان** بەوە پەسنیکردووە "کەوێکی خۆشخوانە، لە زمانەکەمانەوە جوانترین وێنە ڕوون و بەرزەفڕەکان، دەنەخشێنێت.". بەشێک لە شیعرەکانی، لە ئۆنتۆلۆژیای شیعری ئاڵمانییدا، دەبینینەوە.

لە ڕۆماندا، خاوەن ڕۆمانی **گەڕانەوەی زەردەشت**، زیاتر خۆی داهێنەرانە بینییەوە. لەم ئەزموونە ئەدەبییەدا، ڕێگەی خۆی پاککردەوە، بۆ خوددۆزینەوە و سەلماندنی (من)، بەشێوە پۆزەتیڤەکەی. بەڵام خۆی ونبوو و گەڕۆک دۆزییەوە، وەکچۆن **گۆتە**ی خاوەن **دیوانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات**یش وابوو، ئەمەیش لە کارەکتەری ڕۆمانەکانی هیسەدا، بەڕوونی دیارە. ڕۆمانی **یاریی گۆ شووشەییەکان**یش، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٣١ – ١٩٤٢ نووسی، بەناوبانگترین کارەکانین، هەر ئەمەیش بوو وای لە

ئەکادیمیای سوێد کرد، خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی، بۆساڵی ١٩٤٦، پێببەخشن.

بەکۆمەکی تەکنیکە شیعرییە تایبەتەکەی، بابەتە مرۆڤایەتیی و دەروونییە قووڵەکانی، هیسە بووە بە نووسەرێکی گەردوونیی، هەر ئەمەیش بوو ناوبانگی وی دەرکرد، تەنانەت لەسەر ئاستی زمانە نائاڵمانییەکانیش، ئاخر هیسە، پتر لە نووسەرانی دیکەی ئاڵمان، کارەکانی بۆسەر زمانی عەرەبیی، وەرگێڕدراون.

پێویستە ئاماژە بەوەیش بدەین، ناوبانگەکەی، دوای چەند ساڵێک لە مردنی، کەم بوویەوە، چونکە ڕەخنەگران، دەقە ئەدەبییەکانی هیسەیان بە هونەرێکی ڕزیو ناوزەدکرد. بەڵام بزووتنەوەی **هیپیز**، کە لە ئەمەریکا سەریانهەڵدا، دووبارە ناوبانگی هیسەیان گەڕانەوە.

## هیسەی ڕۆمانتیکیی

ئەوەی هیسە لە ڕۆمانتیکەکانی دیکە جیادەکاتەوە، کە دەیانویست کێشەکانی بوونی مرۆڤ شیکاربکەن؛ ئەو بوونە بوو، کە ڕۆحئامێزانە لەگەڵ ڕەگەزەکانی گەردووندا ئاوێتەبوو، ئەو گەردوونەی هەمیشە بەدوایدا گەڕا، لەوانەیشە نەیدۆزیبێتەوە. ئەوە هیسە بوو، لە سرووشتی ئەو مرۆڤەی دەکۆڵییەوە، کە گەردوون دەجووڵێنێت، بەڵام دەستەوەستانە بەرامبەری. ئەمەیش بەشێوەیەکی گشتیی، لەو کارانەیدا دەرکەوتن، کە دوای ١٩١٦ نووسیبووی، لەژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی زانای دەروونشیکار، **کارڵ گۆستاڤ یۆنگ**، دوای ئەوەی سەردانی نۆڕینگەی یەکێک لە قوتابییەکانی یۆنگی کرد، بەناوی **جۆزێف یۆنگ**، چونکە هیسە لەوکاتەدا، تووشی نەخۆشیی خەمۆکیی بووبوو، کە ئەوی گەیاندە ڕێگەیەکی داخراو!

ڕەخنەگران، هیسەیان بەیەکێک لە دیاترین ڕۆماننووسانی سەدەی بیست و، یەکێک لە گرنگترین ئەدیبە ئاڵمانییەکان لە **ڕێنیسانسەوە** تا نووکە، پەسنکرد. لەئەنجامی ئەو

گۆڕانکارییانەی سەدەی بیست بەخۆیەوە بینی، هیسە زێدەتر بۆنێو ناخی خۆی هەڵدەهات، بەشێوەیەک، ئەم ڕۆماننووس و شاعیر و نیگارکێشە، ڕۆچووە نێو دەروونی مرۆڤ، لە هەوڵی گەڕان بەدووی **یەکەی گەردوونیی یەکەم**.

ئەو دەیگوت "ڕۆڵی نووسەر، ڕاڤەکردن و باشکردنی ئەو سەردەمە نییە تێیدا دەژی، بگرە دەبێت کێشە تایبەتیی و خەونەکانی بەکاربهێنێت، بۆ پیشاندانی جیهانێک لە وێنە و ڕۆح و ئەزموون بە خوێنەر!". کارە ئەدەبییەکانیشی، بەڵگەن بۆئەو قسەیەی. وتەکەی **ئالڕێکە دینکەر**، خانمەپسپۆری ئەدەبی ئاڵمانیی و تیۆریی بەراوردکاریی، زیاتر پاڵپشتیی قسەکەی هیسە دەکات، کاتێک لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ **DWی عەرەبیی**، دەڵێت "دەقە ئەدەبییەکانی هیسە، کاریان لەسەر گواستنەوەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەیان دەکرد، بەتایبەت لەژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەی سەدەی بیست بەخۆوەی بینی. بەشێوەیەک؛ ڕووداوەکانی چواردەوری، خۆشەویستیی سرووشت، ڕێزگرتن لە باو و شکۆی مرۆڤ، بوون بە هەوێنی ڕۆمانەکانی.".

## هیسە وەك نیگارکێش

بەشێکی زۆر کەم دەزانن، کە خاوەن ڕۆمانەکانی **گورگی ڕووتەڵان** و **سیدهارتا**، لەهەمان کاتدا نیگارکێشێکی بەتواناییش بووە. دینکەر دەڵێت "ئەزموونی ئەو لە نیگارکێشییدا، ڕۆڵێکی باشی بینی لە بەرەوپێشچوونی زمانی چاوی، هەروەها پێکهێنانی دیدگا و تێگەییشتنێک بۆ ئەرکی هونەر و پەیوەندیی بە ئەدەبەوە.". دەیشڵێت "پەلهاویشتنی ئەو بۆ وێنەکێشان، لەکاتێکدا بوو، کە بە کۆمەڵێک پەستانی دەروونیی سەخت تێپەڕی، هەربۆیە پزیشکە دەروونییەکەی ئامۆژگارییکرد، وێنەبکێشێت!". کاتێک هیسە بۆ **مۆنتاگنۆلا** گەشتیکرد، لەوێ شوێنێکی گونجاوی دۆزییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. لەم شوێنەدا، حەزی نووسین و وێنەکێشان لە ناخیدا بڵێسەیسەند، کەشی گوندە هێمن و دڵڕفێنەکەیش، کاریگەریی زۆری لەسەر هەبوو، تا دەستبکاتە نووسین و وێنەکێشان.

هونەرمەندی شێوەکاریی **ئیبراهیم عەوز**، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ **DWی عەرەبیی**، دەڵێت "هیسە شاعیرێک بوو، بەچاوی وێنەکێشێکەوە دەینووسی!".

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین، مۆزەخانەیەکی بچووک، لە مۆنتاگنۆلا، بەیادی هێرمان و هیسە و ئەو چلوسیَ ساڵەی لەوێدا ژیا، ڕۆنرا. پێشانگاکانی مۆزەخانەکە، وێنەیەک لە ژیانی ئەو ئەدیبە بلیمەتە دەخەنەڕوو، کە زۆر بە ڕۆحی ئەو شوێنە کاریگەر بوو. مۆزەخانەکە کۆمەڵەکتێبێکی تایبەتی هیسەیان تێدایە، کە هیی **گۆتە** و **جان پۆڵ**ن. هەروەها کۆمەڵەنامەیەکیشی تێدایە، لە کەسانێکی گەورە و دیارەوە بۆ هیسە نێردراون، لەوانە؛ **تۆماس مان**، **سیگمۆند فرۆید**، **کۆنراد ئادیناوەر** و زۆری تریش. پێویستە ئەوەیش بڵێین، پێشانگاگەلێکی زۆر بۆ تابلۆکانی هیسە، لە **بازڵ** و **لۆگانۆ**ی سویسریی، کرانەوە.

## هێرمان هیسە و فوئاد ڕەفقە

ئەوەی هیسە لەگەڵ شاعیری سووریی، **فوئاد ڕەفقە** (١٩٣٠ – ٢٠١١)، کۆدەکاتەوە؛ خۆشەویستیی زۆری بۆ سرووشت

و، بۆ **حاڵەتی یەکەمی مرۆڤ**ە، بەجۆرێک، ڕۆچوونی خود لای ئەم دوو ئەدیبە، لە کارە ئەدەبییەکانیاندا دیارە.

ڕەفقە وای لە سرووشت دەڕوانی؛ دەروازەی یەکەم و کۆتای بوونی مرۆڤە، هیسەیش کە بەدووی ئەم بوونەدا دەگەڕا، ئەدەبەکەی گوزارشت بوو لە بەرپەرچدانەوەی ژیانی هاوچەرخ، ئاخر هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی بینیوە و، دژی نازیزم وەستاوەتەوە. هەمیشە دژیەکەکانی دەروونی مرۆڤ، لەنێو ڕۆمانە بەناوبانگەکانیدا، باسکردووە.

لە ڕۆمانی **پیتەر کامتسینت**، پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کەسێکی ونبووە، تاکە خەمی سەلماندنی خودێتی. لەم ڕۆمانەدا، سرووشت بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵە، بەشێوەیەک وا لە پاڵەوانەکە دەکات، بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی یەکەمی مرۆڤ و، ببێت بە جووتیار. ڕەفقەیش بەهەمان شێوە، کاری دەکرد بۆ گەڕاندنەوەی مرۆڤ، بۆئەو فۆرمە سادەی ژیان، کە تێیدا بەنێو سرووشتدا دەگەڕێت و لەگەڵیدا ئاوێتەدەبێت. **حوسەین حەبەش**ی شاعیر، کە لە ئەدەبی فوئاد ڕەفقەوە

نزیک بوو و، هیسەیشی بەباشیی دەناسی، دەڵێت "گەڕان بەدووی ماناکانی خود و دەروونی مرۆڤ، لە ڕۆمانەکانی **سیدهارتا** و **نەرسیس و گۆڵدمۆند**، بەڕوونی دیارن.".

ڕەفقە وەکوو هیسە، هەستی بە نامۆیی دەکرد لەنێو کۆمەڵگاکەی. حوسەین حەبەش دووبارە دەڵێت "هەردووکیان نامۆ بوون، ژیانیان بەوەوە بەسەربرد، لە کۆمەڵگایەکدا کە شوێنی ئەوان نییە، بەدووی جێیەکدا بگەڕێن!".

هیسە خاوەنی زوهدی ڕۆحیی بوو، ڕەفقەیش وەکوو ئەو، لە جیهانی ڕۆح و سرووشتی مرۆڤ ڕۆچوو، ئەمەیش لەڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە، کە پشتی بە فەلسەفەی بوونگەرایی دەبەست، ئەویش نەرێکردنی جەستە و گەڕانەوەیە بۆ سرووشت. ڕەفقە کە لەگەڵ سرووشتدا ئاوێزان بوو، مژووڵی فەلسەفەی بوونگەرایی بوو و، لەپشت بوونی مرۆڤەوە، نیشانەیەکی سەرسوڕمانی دانا؛ مرۆڤیشی بەوە ناساند، کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی سرووشتی نەمر. هەر ئەو بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان گوتی "لە دیدگای مرۆڤی

ساده و جووتیارەوە، خۆر ئاوانابێت!". لای ڕەفقە، جەستەی مرۆڤ بە خۆڵەوە پیرۆزە. لەم بارەیەوە، حوسەین حەبەش دەڵێت "ئەو فەلسەفەیەی بۆ ناساندنی ژیان و نهێنیی بوون، ڕەفقە پشتی پێبەست، دوور نییە لە فەلسەفەکەی هیسەوە!". دەیشڵێت "ڕەفقە لەژێر کاریگەریی هیسە، شیعرەکانی نووسیوە. وەکچۆن هیسە لە ژیانی ڕۆتینیی دەڕوانی، کە هەتا درێژتر بێت، زووتر نامێنێت، ڕەفقەیەش ئاوا لەو بابەتەی ڕوانیوە.". چما ئەوە ڕەفقە نەبوو، دەیگوت "خۆشییەکانی ڕۆژگار، تەنیا ڕۆژێکن!"؟! وەکچۆن شیعرەکانی ڕەفقە، باسی لە سرووشت و تێکەڵبوونی بوونی مرۆڤ لەنێوان باش و خراپەی دەکرد، هیسەیش بەهەمان شێوە، لە ئەدەبەکەیدا ئەمەی باسکردووە.

## گەشت بۆ ڕۆژهەڵاتی هێرمان هیسە؛ گەشتێك بۆنێو ڕۆح

ئیبراهیم ئەلعەریس

دەکرێت کتێبی **گەشت بۆ ڕۆژهەڵات**ی هێرمان هیسە، وەکوو ڕۆمان سەیربکەین؟ لەڕاستیدا خۆی و

ژیاننامەنووس و لێکۆڵەرەوە ئەدەبییەکانیش، بە ڕۆمانیان دادەنا. بەهەرحاڵ، پلۆتی کتێبەکە، ڕۆمانئاسایە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئێمە بەرامبەر کتێبێکی شیکاریی و ڕامانێکی فەلسەفییداین، کە نووسەر لەشێوەی ڕۆمان دایڕشتووە، بەڕادەیەک؛ گێڕانەوە، کارەکتەر، سەرەتا و کۆتایی هەیە، ئەمانە و لەپاڵ ئەو کەشە شانۆییەی درووستیکردووە. لێرەدا واز لە پۆلێنکردنی کتێبەکە دەهێنین، ئاخر چێژێکی پەتیی تێدایە؛ کە چێژی کاری بێوێنەیە، هەڵبەتە بەم پەسنەیشم، کتێبەکە یەکلایی ناکەمەوە. سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەم، هەمیشە لە باسی ئەم کتێبەدا، هەڵەتێگەییشتنێک هەبووە. ئاخر بەشێکی زۆری ئەوانەی لەسەر هێرمان هیسە دەنووسن، بێئەوەی بەگشتیی کارەکانیان خوێندبێتەوە، ئاماژە بۆ ئەم کتێبە دەدەن، ئەمیش تەنها لەپای ناوونیشانەکەی، کە گوایە دەچێتە قاڵبی **ئەدەبی گەشت**ەوە و، هیسە باسی گەشتێکی خۆی دەکات بۆ ڕۆژهەڵات. ئەمەیش ڕاست نییە، چونکە پێش هەموو شتێک، ئەو گەشتەی لەم کتێبەدا باسکراوە، گەشتێکی خەیاڵیی نییە ڕووی نەدابێت، بەڵکوو گەشتێکی ڕاستەقینەیە

و، نووسەر ویستوویەتی لەم ڕێگەیەوە، باسی گەڕان لەدووی ڕاستیی و ڕۆشنگەریی بکات، ئەو جیهانە ئەورووپییەی، کە ساڵی ١٩٣٢ـە و، تاریکییەکی دوورمەودا باڵی بەسەردا کێشاوە. پێویستە ئاماژەیش بەوە بدرێت، کە ئەم کتێبە، یەکێکە لە کورتترین ڕۆمانەکانی هیسە، کاتێک بڵاویکردەوە، ناوبانگێکی جیهانیی پێدەرکرد، ئەمیش بەکۆمەکی ئەو کتێبانەی پێشتر بڵاویکردبوونەوە، بەتایبەت **نەرسیس و گۆڵدمۆند**، دواتریش هەردوو ڕۆمانی **یاریی گۆ شووشەییەکان** و **گورگی ڕووتەڵان**.

کەواتە **گەشت بۆ ڕۆژهەڵات** دەقێکە، هیسە لەزاری گێڕەرەوەیەکەوە، بەناوی **هـ.هـ**، کە بێگومان مەبەستی خودی **هێرمان هیسە** خۆیەتی، دەیگێڕێتەوە. ئەم پیاوە، ماوەیەکە بووەتە ئەندام لە کۆمەڵەیەک، ناویان لەخۆیان ناوە گرێدراو، ئەمانیش گرۆیەکن لە دەرەوەی شوێن و کات، هەندێک کەسایەتیی مێژوویی و هزریی ناسراو و نەناسراویان تێدایە. لەم کۆمەڵە کەسە نیمچە ئاییینییانە، چاوماندەکەوێت بە؛ **ئەفلاتوون**، **مۆزارت**، **فیساگۆرس**، **سانشۆ بانشا**، **پۆڵ کلێ**، **دۆن کیشۆت**، **نۆڤالیس**، **بۆدلێر**،

**ئەلبێرتی گەورە**. بەپێی گێڕانەوەی گێڕەرەوە، بەشێک لەم ئەندامانە، بەسواری ئۆتۆمبیلێک و لەژێر سەرکردایەتیی **ڤازۆدیڤا**، گەشتێکدەکەن. کاپتن هەمان ئەو کەسەیە، کە لە ڕۆمانی **سیدهارتا** ناوی هاتووە.

لەڕێگەدا، ئەندامانی کۆمەڵەکە لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون؛ بەشێکیان بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆن، لە هەوڵی گەڕانی بەدووی ئەو شتەی، ناویان لێناوە **ڕاستیی کۆتایی**. لێرەوە و بەگوێی گێڕانەوەکە، گەشتە ڕاستەقینەکە بەنێو کات و شوێندا دەستپێدەکات، کە هەندێک جێی ڕاستیی و خەیاڵیی دەبڕن.

لەسەرەتادا، گەشتەکە خۆش و شادییهێن دێتە پێش چاوان، بەڵام لەناکاو، ئۆتۆمبیلەکە دەگاتە دامێنی چیایەک، بەناوی **مۆریبۆ ئانڤریۆری**، لێرەدا گەشتەکە دەوەستێت؛ یەکەم لەبەر سەختیی ڕێگەکە، دووەمیش لەبەر دیارنەمانی **لیۆی** کارەکەر.

ئەم کوڕە لەناکاو دیارنەما، پێشئەوەی هیچ قسە و ئاسەوارێک لەدوای خۆی جێبهێڵێت، ئەمەش ترس و

دڕدۆنگیی دەخاتە دڵی ئەندامانی کۆمەڵەکەوە. ئاخر لای هەمووان، لیۆ کەسێکی ئازیز و ڕۆحسووک بوو، دەیزانی چۆن پەیوەندیی هاوڕێیانە لەگەڵیاندا ببەستێت. بەڵام دواجار بەنسبەت ئەوانەوە، لیۆ تەنیا کارەکەرێکە، ئەگەرچیی خوێنەر دەزانێت، لەوە بەرز و بڵندترە. تەنانەت لەم خاڵەدا، گێڕەرەوەیش هەست بەوە ناکات.

دوای نەمانی لیۆ، هەموو شتێکی تریش نامێنێت. پێشئەوەی ئەندامان گرنگیی بە دیارنەمانی لیۆ بدەن، ناکۆکیی و دووبەرەکیی دەکەوێتە نێوانیانەوە، بەهۆی دیارنەمانی شتەکانیان، بێئەوەی بزانن، لیۆ چ پەیوەندییەکی بەو شتانەوە نییە. ئاخر ئەوان، خەریکی تۆمەتبارکردنی لیۆ بوون بە دزینی شتەکانیان، گوایە کە شتگەلێکی گرنگ بوون. بەڵام دواتر کە شتەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە، داوای لێبوردن ناکەن و بەخۆیاندا ناچنەوە، کاتێک بۆیان دەردەکەوێت، شتەکانیان ئەو بەهایەی نەبووە، کە بیریان لێدەکردەوە. هەموو ئەمانە پێکڕا، شکست بە گەشتەکە دەهێنن، ئەندامانی کۆمەڵەکەیش، هەریەک بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە.

ساڵانێکی زۆر تێدەپەڕن، دووبارە خۆمان بەرامبەر گێڕەرەوە دەبینینەوە، کاتێک هەوڵدەدات چیرۆکی گەشتەکە بگێڕێتەوە، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەندامان نەماوە، بگرە وایشی دادەنێت، کۆمەڵەکە بەتەواویی هەڵوەشاوەتەوە. کاتێک هەوڵی نووسین دەدات، وشەکانی بۆ نایەنە سەرزار، چونکە هەنووکە هەست بە شکست و نائومێدییەکی گەورە دەکات. وادیارە هەموو پەیوەندییەکی بە بوون و هزرەوە پچڕاوە، هەروەها ئەو شێلگیرییەیشی نەماوە، بۆ قسەکانی نۆڤالیس، کە کاریگەریی زۆری بەسەریەوە هەبوو، کاتێک دەیگوت؛ "ڕێگەی نهێنیی ناڕوون، تەنیا بەرەو ناخ دەچێت."، یان دەیگوت؛ "لەهیچ شوێنێکی تر نا، تەنیا لە ناوەوەماندا جاویدانیی هەیە؛ لە ڕابردوو و داهاتوومان!".

لەڕاستیدا، کاتێک گێڕەرەوە دەیویست لەسەر گەشتەکە بنووسێت، هەوڵیدەدا وەک گەشتێک بەرەو ناخ وێنایبکات. بەڵام لەناکاو لە خۆی دەپرسێت؛ ئایا بەڕاست ئەم گەشتەیکردووە، تا لەسەری بنووسێت؟! ڕاستە لەسەرەتادا، لە ئەندامانی دیکە زیاتر، گرنگیی بەم گەشتە دەدا، بەڵام

هەنووکە لێی دەترسێت، بەڕادەیەک، ڕۆژێک کەمانچەکەی دەخاتە پێشانگایەکی فرۆشتنەوە، کە لای ئەو، هێمای پێکەوەبەستنی بوو بە گەشتەکەوە و، زۆر جار بۆ درووستکردنی کەشێکی ئارام و دڵڕفێن لەنێو ئەنداماندا، تاوێک کەمانچەی دەژەنی.

ئێستە دەرگاکان بەڕوویدا داخراون، نووسینیش تاکە شتە، کە بوونی دەسەلمێنێت. یەکێک لە هاوڕێکانی، بۆ ئامۆژگارییوەرگرتن، دەپرسێت؛ چار چییە؟ گێڕەرەوەیش بەدۆزینەوەی لیۆ ئامۆژگارییدەکات، لەوانەیە کلیلی نهێنییەکان لای ئەو بن.

لیۆ دەدۆزنەوە، بەڵام گێڕەرەوە لە هەموو هەوڵێکدا بۆ دواندنی، شکستدەهێنێت، بگرە کاتێک لە باخچەیەک بەیەک دەگەن، وادەردەکەوێت لیۆ نایناسێت و هەرگیز نەیبینیوە. بۆیە گێڕەرەوە هیچ چارەیەکی دیکەی نییە، ئەوە نەبێت لەسەر مێزێک دابنیشێت و، نامەیەکی درێژی پڕ لە هەست و سۆز و پەشیمانیی، بۆ لیۆ بنووسێت، پاشان بەبەیانییەکەیدا بۆی بنێرێت.

ئەمجارە کارەکە سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەتا لیۆ دوای خوێندنەوەی نامەکە، بۆ ماڵی گێڕەرەوە دێت و، دەیناسێتەوە. بەڵام پێی دەڵێت، دەبێت بەرامبەر بەرپرسانی کۆمەڵەکە، لە دادگا ئامادەبێت. بەمشێوەیە گێڕەرەوە بۆی دەردەکەوێت، کۆمەڵەکە هەڵنەوەشاوەتەوە و هێشتاکە ماوە، بگرە ئەم لێیان دوورکەوتووەتەوە. هەر ئەمەیش نا، بەڵکوو بۆیشی ڕووندەبێتەوە، هەنووکە لیۆ بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەیە، کەواتە کارەکەر نییە و هەرگیز کارەکەریش نەبووە!

بەمشێوەیە، لە سەرسوڕمانیدا بەم دۆزینەوە نوێیانە، هێدی هێدی نهێنییەکان ئاشکرادەبن: ئەو قەیرانەی لە دامێنی چیاکە ڕووبەڕوویان بووەوە، تەنیا تاقیکردنەوەیەک بوو، یەک یەک تێیدا کەوتن و سەرکەوتوو نەبوون. ئەمڕۆکە، ئەوەتا گێڕەرەوە، لە تاقیکردنەوە دوای ئەوی تر تووشی نسکۆ دەبێت. هەرچەندە لەکۆتاییدا، دوای ئەو هەموو سەختییە، دەگاتە کرۆکی خوداناسیی و ڕۆژهەڵاتیی.

جارێکی تر دەپرسین؛ ئایا ئێمە ڕۆمانێک دەخوێنینیەوە، یان ژانرێکی دیکە؟ لەم دەقە سەیر و پڕنهێنییەدا، دەکرێت چیی لێ تێبگەین؟ ئەوەی لێرەدا دەتوانین ئاماژەی بۆ بدەین، ئەوەیە؛ پێدەچێت هێرمان هیسە، ئەم دەقەی لەژێر کاریگەریی گەشتەکەی بۆ هیندستان، کە ساڵی ١٩١١ ئەنجامیدا، نووسیبێت و، خستبێتیە قاڵبی سۆفیگەریی و دەروونشیکارییەوە، کە دوو بابەتن، هەتا کۆتاییی ژیانی، بەسەر کار و هزرەکانیدا زاڵدەبن.

بەشێوەیەکی گشتیی، ئاسەواری ئەو گەشتە لە کارە بەناوبانگەکانیدا لاوەکییانە و، لە کتێبی **گەشت بۆ ڕۆژهەڵات** بەزەقیی، ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.

هێرمان هیسە نووسەرێکی ئاڵمانییە، لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧ – ١٩٦٢ ژیاوە، لە تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵییدا، گیانیسپاردووە. خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی، بۆ ساڵی ١٩٤٦، وەرگرتووە. لەکۆتایی ژیانیشیدا، ڕەگەزنامەی سویسریی هەڵگرتووە.

# یاریی گۆ شووشەییەکان، زیاد لە ڕۆمان، زیاد لە ژیانێك

**ئیبراهیم ئەلعەریس**

ڕۆمانە یان نا؟ بێگومان ڕۆمانە. نووسەرەکەی ویستی ڕۆمان بێت، خوێنەرەکانیشی وەکوو ڕۆمان وەریانگرت. ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت، ئەوا هۆکاری بردنەوەی خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبیی لە ساڵی ١٩٤٦، ئەم ڕۆمانە بووە. ئەمە کۆتا ڕۆمانی بوو، ئەگەرچیی دوای بڵاوبوونەوەیشی، نووسەر پتر لە دە ساڵێک، هەر لە ژیاندا مابوو.

ئەو نووسەرەی باسی لێوە دەکەین، هێرمان هیسەی ئاڵمانییە. ڕۆمانەکەیشی، کە ناوی **یاریی گۆ شووشەییەکان**ە، بە گەورەترین کاری دادەنرێت، ئەگەرچیی هەندێک لە خوێنەران، ڕۆمانەکانی؛ **گورگی ڕووتەڵان**، **سیدهارتا**، **دێمیان**، بەباشتر دەزانن. لەهەموو بارێکدا، ئەگەر ڕۆمانێکی هیسە لەوی تری بەباشتر بزانین، ئەوا سەرئەنجام یەک پەیام و ناوەڕۆک، هەمان ئاستی زمانەوانیی و ئەدەبیی هەیە، کە بەدرێژایی سەدەی بیست، گرنگ و تەراز مانەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، دەبێت سەرەتای قسەکانمان، بەو پرسیارەی سەرەوە دەستپێبکەین و، بپرسین؛ ئایا بەڕاست ئێمە لە بەرامبەر ڕۆمانێکداین بەمانای وشە؟!

گەر وەڵامەکەمان کورتبکەینەوە، دەڵێین؛ بەڵێ ڕۆمانە، بەڵام لەگەڵ هەندێک وردەکاریی دیکەدا. دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ یەکێک لە داهێنەرانی سەدەی بیست، دەرهێنەری سینەماییی ڕووسیی، **ئەندرێ تارکۆڤسکی**، کە لە یادەوەرییەکانیدا، دەربارەی هیسە دەنووسێت؛ "ئەو نووسەرە ڕۆحییەی

زۆرترین کاریگەریی بەسەر ژیانمەوە هەبووە!". بێگومان ڕۆمانی **یاریی گۆ شووشەییەکانیش**، ڕۆمانێکی ڕۆحییە.

بەڵام سەرەڕای ئەمەیش، دەبێت ئەوە بڵێین؛ ئێمە لە بەرامبەر دەقێکی زۆر سەیری ئەدەبی گێڕانەوەداین. ڕۆمانێک بەقەبارەی ٦٠٠ پەڕە، پلۆتی ڕۆمانەکە، تەنها چارەکێکی دەقەکە پێکدەهێنێت، پەسنێکی بیرکارییانە و ئەندازیارییانەی یارییەکە، ٤٠ پەڕە بۆخۆی دەبات، ١٤٠ پەڕەیش بۆ ناساندنی پاڵەوانی ڕۆمانەکە تەرخانکراوە، بەڵام هەموو ئەمانە پێکڕا، بەشێکی گرنگی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن[٢].

دەبێت خوێنەری ڕۆمانەکە لەوە ئاگاداربێت، کە لە بەرامبەر یارییەکی هزرییدایە، یاریی گۆ شووشەییەکان دەبێتە ئاوێنەیەک، بۆ ناسینی **جۆزێف کنێختی** کارەکەر و شاکارەکتەری ڕۆمانەکە. بەدیوێکی تریشدا، کارەکتەرەکە دەبێتە ئاوێنەیەکی دیکە، ئەمجارە بۆ ناسینی نووسەری ڕۆمانەکە، چونکە لە کەسایەتیی هیسەوە زۆر نزیکە. بگرە بەلایەنی کەمیشەوە، دەکرێت ببێتە یادەوەرییەکی

[٢] - ژمارەی پەڕەکان، لە دەقە ئاڵمانییەکەوە وەرگیراون. (وەرگێڕ).

ئەندێشەکراو، کە لە ساڵانی ٢٢٠٠ ڕوودەدەن، واتە دوای دوو سەدە و نیو، لە نووسینی ڕۆمانەکە!

بەم پێودانگە بێت، دوو یادەوەریی جیاوازی یەک کەس هەیە، کە کاتەکانیان دیارییەکراوە، دواتر و لە یادەوەرییە داهاتووەکەدا یەکدەگرنەوە، تاکوو تەواوی کتێبەکە پێکبهێنن.

ئێستەیش ئەگەر خوێنەری ئازیز، تاکوو ئێرە لە چوارچێوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە تێگەییشتووە، دەتوانێت لەگەڵماندا بەردەوام بێت و ئەم دێڕانەی دادێت بخوێنێتەوە، بەومەرجەی حەزبکات و خولیای هەبێت. ئەو ناڕوونییانەی بۆ خوێنەری ئەم وتارە دێنەپێش، دڵنیاتاندەکەمەوە، هیچ نین لەچاو پەنجا بۆ شەست پەڕەی سەرەتای ڕۆمانەکە، کە کۆمەڵەپەڕەیەکن، تێیدا خوێنەر دەگاتە ترۆپکی چێژی خوێندنەوە و ئاڵنگاریی هزریی!

هۆکاری گرنگیی ئەم ڕۆمانە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە؛ هیسە لەدەمی پیرییدا نووسیویەتی، زمان لە ئاستێکی باڵادایە، هزرەکان ئاوێزانی یەک دەبن و، دانایی رۆژهەڵاتیی، بەڕوونی دەردەکەوێت. خوێنەرانی هیسە، بەباشیی لە

پەیوەندیی هزریی نووسەر بە ڕۆژهەڵاتەوە، تێدەگەن، بەتایبەتی هیندیی، چینیی و **کۆنفۆشیۆسیی**. وێدەچێت ئامانجی نووسینی ئەم ڕۆمانە، شەیدایی هزری ڕۆژهەڵاتیی بێت لای نووسەر، کە فێریکرد، ژیان و مردن بەوشێوەیە نییە کە دەیزانین.

بۆئەوەی ڕۆمانەکە گوزارشت بێت لە تێکەڵبوونی هزری ڕۆژهەڵاتیی، هەنگاوێک هەیە دەبێت خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا بینێت، بەتایبەت لەو پەڕانەی، باسەکە تێکەڵدەبێت بە **ژمارە فیساگۆرسییەکان**، میوزیک، بیرکاریی و یاریی **گۆی** چینیی.

ئەمانە و سەرەڕای کۆمەڵەڕستەیەک، کە نووسەر لێرەولەوێ دووبارەیاندەکاتەوە، وەک؛ "خودا نائومێدیی بۆ ئێمە نەناردووە تا بمانکوژێت، بەڵکوو تا لە ژیانێکی نوێ بەخەبەرمان بهێنێتەوە!". یاخود؛ "خودا لەناو تۆدایە، نەک لە کتێبەکان!". هەروەها؛ "ڕاستیی دەبێت تێیدا بژییت، نەک فێربکرێیت!". پاشان؛ "ئەوە تەنها لاوازەکانن، ڕێگە ئاسانەکان هەڵدەبژێرن!".

له بەرامبەر گشت ئەمانەدا، مافی خوێنەرە بپرسێت؛ لەم هەمووەدا، ڕۆمانەکە لەکوێیە؟!

ڕۆمانەکە باس لە **جۆزێف کینێخت** دەکات، کاتێک کە هێشتا لاوە، سەرنجی مامۆستای میوزیک بۆخۆی ڕادەکێشێت، ئەویش گورجێ داوادەکات، گرنگیی پێبدەن و بیکەن بە یەکێک لە ئەندامانی **کاستێلەکان**، کە گرۆیەکن لە کۆمەڵەکەسێکی بلیمەت، دیارییکراون تا خوێندنی دواناوەندیی و زانکۆ بەباشیی بخوێنن، بەوهیوایەی دواتر کەسانێکی دیاریان لێ دەربچێت.

کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیش، هەمان گرنگیی پێدەدرێت و یاریی گۆ شووشەییەکانی فێردەکرێت، کە لەسەرەتادا ڕەتیدەکردەوە. بەدرێژایی ئەو ساڵانە و تا ئەمڕۆکە، کە میوزیک بووەتە خولیای سەرەکیی ئەو، زەحمەتە بڵێین شتێکی ئەوتۆ ڕوویداوە. سەرۆکی گرۆکە، دەیهەوێت لە **ڤاتیکان** نزیکبێتەوە، بەوپێیەی دوای ئەو جەنگ و کاولکارییانە، تەنێ دوو هێز مابوونەوە؛ یەکێکیان ئەو گرۆیەی کە ئێمەی تێداین، واتە جیهانی ئاوەز، ئەوی

دیکەیش ڤاتیکانە، جیهانی **کاتۆلیکیی** ڕەها. جۆزێف ئەرکی نزیکبوونەوەی لە ڤاتیکان پێسپێردرا، دەیشیتوانی ڕەتیبکاتەوە. ئەگەرچیی وەک مامۆستای خوێندنی باڵا – خاوەن بڕوانامەی ماستەر–، وانەیدەگوتەوە، بەڵام دەیزانی ئەم ڕێگەیە، بەرەو لەناوچوونی دەبات. ئاخر نەمریی لە دیدی ئەوەوە، لە شوێنێکی دیکە دەستدەکەوێت. لەو شوێنەی مێژوو و جووڵەی تێدایە، جۆزێف ژیانی ڕاستەقینە دەدۆزێتەوە، نەک ژیانێکی ئاییندارانەی وشک و نەگۆڕ. ئالێرەدا ئەرکێکی دیکە دەخاتە سەرشانی، دیارە کەسیش داوای لێنەکردووە، ئاوەزی نەبێت؛ ئەویش تێکەڵکردنی ژیانی ئاییندارانەیە، بە ژیانی دەرەوە، کە جووڵە و چالاکیی تێدایە.

بۆ گەییشتن بەمە، دەبوو لە سەرەتاوە دەستپێبکاتەوە، واتە لە وانەوتنەوەی منداڵان. ئەم سەرەتایە، بەوانەوتنەوەی منداڵانی هاوڕێیەکی دەستپێدەکات، کە ڕۆژێک بەداوەتێکی هاوڕێکەی دەچنە کن شاخێک، لەوێ خۆشنوودە و لەسەر سەهۆڵبەندێک سەمادەکات، تا لە ئاوەکە نغرۆدەبێت و دەخنکێت، جگە لە شیعر و ڕووپەلەکانی، هیچی لێنامێنێتەوە.

بەڵام ئایا ئەم خنکانە، کۆتایی بوونی ئەوە؟ تەنانەت ئەگەر ڕۆمانەکەیش لەو خاڵە کۆتایی پێبێت، ئەوا ئێمە وای دانانێین.

دیارە ئێمە لە بەرامبەر ڕۆمانێکی هزرییدایین. وەکئەوەی هیسە، ئامۆژگارییەکی لەشێوەی ڕۆمان، بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێهێشتبێت.

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان ڕایان وایە، هیسە ئەم ڕۆمانەی لەژێر کاریگەریی ڕۆمانێکی **گۆتە** نووسیبێت، بەناوی؛ **ساڵانی فێربوونی وێڵهێلم مایستەر**، کە هیسە خۆی دەربارەی ئەم کتێبەی گۆتە، دەڵێت؛ "بەهێزترین کتێبە، کە بەزمانی ئاڵمانیی نووسرابێت!". ڕۆمانی **یاریی گۆ شووشەییەکان**یش، هەمیشە بۆ لێکۆڵەرە ئەدەبییەکان، ڕۆژهەڵاتناس، خوێنەری فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیی و فەلسەفەی فیساگۆرسیی، جێگەی بایەخ بووە.

هەموو ئەم گرنگییپێدانانە، شایستەی هێرمان هیسەن، کە ڕۆشنبیر و نێوەندە ئەدەبییە ئاڵمانیی و جیهانییەکانی، بەدرێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، بەخۆیەوە

سەرقاڵکرد. کۆمەڵەدەقێکی نووسی، بەشێوەیەک دەیزانی چۆن لەهەمان کاتدا، ڕۆماننووس، شاعیر، فەیلەسووف و خاوەن دانایی بێت!

## گورگی ڕووتەڵانی هێرمان هیسە؛ تاکوو دواجار خۆت دەدۆزیتەوە

ئیبراهیم ئەلعەریس

زۆرجار وا باسی ڕۆمانی **یاریی گۆ شووشەییەکان**ی هێرمان هیسە دەکرێت، کە گرنگترین ڕۆمانی ئەم کەڵەنووسەرە ئاڵمانییەیە و، یەکێکیشە لە گرنگترین دەقە ئەدەبییەکانی سەدەی بیست. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەگەر ڕۆمانی ناوبراو هێندە گرنگ و ناسراو بێت، ئەوا هێشتا ڕۆمانی گورگی ڕووتەڵان، زیاد لە هەموو کارەکانی دیکەی هیسە ناسراوتر و پڕخوێنەرترە. نەک لەبەرئەوەی ڕەشترین

و بێئومێدترین ڕۆمانیەتی، بەڵکوو لەبەرئەوەی ڕۆمانێکە، زیاد لە هەموو ئەوانەی دیکەی، لە خودی هیسەوە نزیکترە و، زۆر ڕەخنەی خودی تێدا بەرجەستەکردووە. نووسەر کە کارەکتەری دیاری نێو ڕۆمانەکە، **مۆتسارت**، دەئافرێنێت و لەگەڵ شاکارەکتەری ڕۆمانەکە دەیخاتە گفتوگۆوە، شتێکی سەرنجڕاکێش و ماناهەڵگرە. لە کۆتا بەشی ڕۆمانەکە، مۆتسارت زۆر بەڕوونیی بە شاکارەکتەر، **هاری هالەر**، دەڵێت "ئازیزی بەلەنگاز، خەریکە دەبیتە کەسێکی بێبەهرە. هەرچەندە ئەمە لەکۆتاییدا، ڕێگر نابێت لەوەی ببیتە خاوەن هزرێکی تایبەتی خۆت. ئەوەی لە تۆ داواکراو و پێویستە، ئەوەیە؛ فێرببیت چۆن پێبکەنیت!  پێویستە ڕۆڵی خۆت لەسەر شانۆی ژیاندا بزانیت...".

هیسە کاتێک ئەم رۆمانەی نووسی، تەمەنی پەنجا ساڵان بوو. لەوکاتەدا، ڕەخنەگر و لێکۆڵەران، وا باسی ئەم ڕۆمانەیان کرد، گوزارشتە لە قەیرانێکی دەروونیی، کە هەرکەسێک لە هیسە بچێت و بگاتە تەمەنی پەنجا ساڵیی،

پێیدا تێپەڕدەبێت، ئەو قەیرانەی ئەمڕۆکە پێی دەوترێت (قەیرانی نیوەی تەمەن). بۆ ئەوکاتە، قەیرانەکەی هیسە گەلێ گەورە وگران بوو، ئاخر بە بەرچاوییەوە کوشتن و برین و سەرکەوتنی نازییەکانی دەبینی، بۆیە ئەوە شتێکی ئاسایی بوو، کە نووسەرێکی لەو ئاستە، قەیرانە دەروونییەکەی لەژێر ڕۆشنایی قەیرانە سەرەکییەکەدا ببینێت.

لەهەمان کاتدا، ڕۆمانەکە دەیویست تێڕوانینی گشتیی بۆئەو حاڵەتە دەروونییانەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی درووست بووبوو، بپشکنێت. ئاخر بەلای هیسەوە، ئەو ساڵانەی پاش جەنگ، ساڵانێکی پڕ لە بێئومێدیی بوون. ساڵانێک کە بێئومێدیی هەڵگرتبێت، مرۆ تێیدا نایپەرژێتە سەر بیرکردنەوەیەکی درووست و ئارامکردنەوەی دەروونی ڕووخاوی.

کرۆکی ڕۆمانەکە، بەرگێکی سێ چینیی دەپۆشێت، کە هەر چینێک گوزارشتە لە سێ قەیرانی جیاواز؛ یەکەم، قەیرانی

داهێنەر، وەک مرۆڤێک کە دادەڕووخێت. دووەم، قەیرانی بیرمەند، لەبەرامبەر قسەی پووچی گشتیی. سێیەم، قەیرانی مرۆڤ، لەبەرامبەر دژیەکە ڕۆحییەکانی. ئەم سێ چینە لە قسەیەکی ڕەخنەگری فەڕەنسیی، **هێنری بلار** چڕدەکەمەوە، کە لە پێشەکیی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی هیسەدا نووسیویەتی "ئەگەر هەموو هەوڵەکانی لە باسکردنی دەروونی مرۆڤدا چڕکردەوە، دەگاتە باسکردنێکی گشتییانە کە بێئومێدیی ڕەتدەکاتەوە، لەوێشەوە دەگاتە چاوەڕوانیی، چاوەڕوانییکردنی شتێک کە ڕەنگە بەدیی نەیەت!".

بەمشێوەیە، نووسەر کاتێک لە حاڵەتێکی وادا خۆی دەبینێتەوە، کۆمەڵەپرسیارێکی پڕ لە دوودڵیی و گومان، لە کەسانی پێش خۆی دەکات، لەوانە **مۆتسارت**، **گۆتە** و **شکسپیر**، کە وەکوو کارەکتەرێکی سەرەکیی لە ڕۆمانەکە دەردەکەون، لەپاڵ ناوهێنانی کۆمەڵە کارەکتەرێکی دیکەی وەکوو **غاندی**.

کەواتە پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هاری هالەرە، کە دوو پیتی سەرەتای ناوەکەی، هەمان دوو پیتی سەرەتای ناوی (هـ)یرمان (هـ)یسەیە. پیاوێکی تەنیای پەنجا ساڵان، ڕۆمانەکە بەوە دەستپێدەکات، ژوورێک لەماڵێکی بۆرژوازیی جوان، لە شارێکی گەورەدا، بەکرێ دەگرێت. چیرۆکەکە لە سەرەتاوە، لەڕێگەی گێڕەرەوەیەکەوە پێمان ئاشنادەبێت، کە خوشکەزای خاتوونی خاوەنماڵە. گێڕەرەوە دێتە هەمان ژووری هالەوە، دوو هەگبە و سنوودقێکی گەورەی کتێبی پێیە. هەندێک شتمان لەسەر هالەر بۆ دەگێڕێتەوە، کە خۆی بەچاوی خۆی دەیبینێت، هەرچەندە هەڵسوکەوتی هالەر گونجاوە، بەڵام هەندێک شتی نامۆی هەیە. ئەم شتە نامۆیانە چین؟ لە سەرەتاوە بۆمان دەرناکەوێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، گێڕەوە وا باسی هالەر دەکات، کە یەکێکە لە کەسە سەرکەوتووەکان، ئەوانەی دوو ژیان دەژین، بەڵام هێشتاکە خۆڕاگرن و بەرگەدەگرن، ئەگەرچیی ژیانیان تاڵ و ناخۆش بێت. گێڕەرەوە ئەمەمان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "هەموو ژیان، ڕۆشنبیریی، کەلەپوور و کلتوورێک، ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە،

هەریەک لەمانەیش سەختییەکی تایبەتی خۆی هەیە. لێرەوە، ئاساییە سەختیی بچەژێت و ئازارت پێبگات، بەوپێیەی شتێکی سرووشتییە. بەڵام سەختییەکانی ژیانی مرۆڤ، تەنگژە و ئەو دۆزەخەی تێیدا دەژی، ڕاستیی نین، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە لە دوو ژیان، دوو ڕۆشنبیریی و دوو ئاییندا دەژی!". دیارە مرۆڤی هاوچەرخ، وەکچۆن گێڕەرەوە و خودی ڕۆمانەکەیش باسی لێوە دەکەن، پڕە لەو دژیەکانە و، چییتر ناتوانێت بەدووی شوێنێکی ئارامدا بگەڕێت. ئایا چارەسەر چییە؟

زۆر بەسادەیی، لە حاڵەتەیلی وەهادا، پێویستە مرۆڤ ڕوو لەو شوێنە بکات، کە تێیدا دەتوانێت بەدوای ڕاستییدا بگەڕێت، ئەگەرچیی چووە تەمەنیشەوە، هێشتاکە درەنگ نییە. ئەمە ئەو وانە بنەڕەتییەیە، کە  لە ڕۆمانی گورگی ڕووتەڵاندا دەستماندەکەوێت. ئەم ڕۆمانە، لە هەر پەڕەیەکدا دەیەوێت دوو باسی گرنگ گەنگەشەبکات؛ یەکەم لەڕووی تێکەڵکردنی مرۆڤ بە شتی دیکەوە، ئەو مرۆڤەی کە لەیەک

کاتدا نە مرۆڤە و نە گورگ، نە غەریزەیە و نە ئاوەز. دووەم، لەڕووی یەکەی جیهانییەوە، کە هەر لە سەرەتاوە وا دەردەکەوێت، خراپ و ڕووخاو و پڕ ئاژاوەیە.

کەواتە لەنێو ئەم گێژاوەدا، پێویستە مرۆڤ بەدوای ڕاستییدا بگەڕێت. دوای ئەوەی لە پەرەگرافی یەکەمدا هالی هالەر دەناسین و باسی ئەزموونی خۆی دەکات، لێرەوە پەرەگرافە سەرنجڕاکێشەکەی ڕۆمانەکە دەستپێدەکات، ئەویش دەرکەوتنی مۆتسارت و **گۆتە**یە. کاری ئەم دووانە ئەوەیە، هالەر لەوە ئاگاداربکەنەوە، کە شتێکی لەبیرچووە، بێگومان ئەویش جیهانی هونەرە، ئەو جیهانەی تێیدا ئارامیی، بێدەنگیی و ڕۆچوونی خود زاڵە. لێرەوە ئەو ڕستانە دێنە گۆڕێ، کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدان، مۆتسارت داوا لە هالەر دەکات، کە بنەمایەکی سەرەکیی هونەر و ژیان هەیە، دەبێت بیدۆزێتەوە؛ بنەمای پێکەنین! ئەو بنەمایەی دەبێت هالەر فێریببێت، پێکەنینە، چونکە ژیان و هیوا و ئومێد، لەنێویدا ئاخنراون. کە دەگەینە ئەم ئاستەی ڕۆمانەکە، ئەوا ڕۆمانێکی دیکەی هاوچەرخمان دێتەوەیاد، کە لەسەر هەمان تەوەر دەسووڕێتەوە؛ **بەناوی گوڵەباخی**

**ئێمبێرتۆ ئیکۆ**، کە تەوەری ڕۆمانەکە لەسەر کتێبێکی **ئەرستۆ** دەخولێتەوە، تێیدا بانگەشەی پێکەنین دەکات و، سەرەک کڵێساکانی سەدەی ناوەڕاست لێکدانەوەی بۆ دەکەن!

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی نەرسیس و گۆڵدمۆند

## ئیحسان

"ئایا خودا مرۆڤی بۆئەوە درووستکردووە، تاکوو دەستنووسەکانی **ئەرستۆ** و **تۆما ئەکوینیی** بخوێنێتەوە و فێری زمانی یۆنانیی بێت، یاخود هەستەکانی پەنگبداتەوە و لە جیهان دووربکەوێتەوە؟ ئایا خودا مرۆڤی لە حەز، خودپەرستیی، دڵێکی ئاوێتە بە خوێن و تاریکیی و، ئازادیی، درووستنەکردووە، هەتا خۆشەویستیی بکات و یاخیی ببێت؟!"

## گۆڵدمۆند.

کەمێک پێش نووکە، لە خوێندنەوەی ڕۆمانی **نەرسیس و گۆڵدمۆندی** نووسەری بوونگەرایی ئاڵمانیی، هێرمان هیسە، تەواوبووم. بۆ جودابوونەوە لە گۆڵدمۆند خەمگین بووم، هەرگیز نەبووە وەکوو ئێستە، بۆ جودابوونەوە لە پاڵەوانی ڕۆمانێک، بەمشێوەیە خەمگین بووبم، هەرچەندە لە کۆتایی نزیکدەبوومەوە؛ دەگریام! گۆڵدمۆند بۆ من تەنیا کارەکتەرێک نەبوو، ئەو نموونەی مرۆڤی پاک و بێگەردە، هێشتا ئەو قوڕەی لێی درووستکراوە و، پێمێلکەکان دەستیان پێوەگرتووە، وشکنەبووەتەوە. بگرە هێشتا ڕۆحی خودا، لەو قوڕەدا بوونی هەیە.

ڕۆمانەکە تاووتوێی هزری خوداناسیی دەکات، مەبەستم خوداناسیی ئایدۆلۆژیی نییە، بگرە خوداناسیی بەشێوە سەرەتاییەکەی؛ پێداویستیی مرۆڤ لە تێپەڕاندنی جەستەوە، بۆ هزرێکی بوونگەرایی، کە دڕدۆنگیباکت. لەوانەیە مرۆڤ، ئارامگەی خۆی لەو بەدگومانیی و

دوودڵییە، لەنێو زانستی لاهووتیی، فەلسەفە و ئایین، بدۆزێتەوە. ئەمیش هەمان کردار بوو، کە زاهیدێکی بلیمەتی وەکوو **نەرسیس**، ئەنجامیدا.

بەڵام ئەو هەموو ئەمانە ڕەتدەکاتەوە، لە نائارامییدا، بەدووی ئارامیی خۆی بگەڕێت. لەناکاو لە پەرستگەی **ماریابرۆن**، نەریس و گۆڵدمۆند چاویان بەیەک کەوت.

"دایکی خۆت بیرچووو!"، بەمشێوەیە و بەسەختیی، نەرسیسی مامۆستا، ڕۆحی گۆڵدمۆندی بەخەبەرهێنایەوە. ئەڵبەتە لێرەدا **دایک**، هەرتەنیا خودی دایکی گۆڵدمۆند نییە، کە لە حەژمەت بێئۆقرەییدا، وای لە باوکی کرد بینێرێتە پەرستگە، بەڵکوو مەبەستیشی لە **دایک**، ژیان و شکۆی مرۆڤە.

"باش لێت تێدەگەم، هەنووکە پێویستمان بە گەنگەشە نییە، تۆ بەئاگاهاتیتەوە و ئێستە جیاوازیی نێوانمان دەبینیت؛ جیاوازیی ئەو پیاوانەی کە لە باوکیان دەچن، لەگەڵ ئەوانەی دایکیان چارەنووسیان دیارییدەکات، واتە جیاوازیی نێوان ڕۆح و ئاوەز. بەخێرایی بۆت دەردەکەوێت؛ ژیانت لە پەرستگە و، ناچارکردنت لەوەی ببیتە خواناس، نەک تەنها

هەڵەیە، بگرە ئامرازێکە بەدەستی باوکتەوە، بۆ سڕینەوەی یادەوەریی دایکت لە مێشکتدا، یاخود بۆ تۆڵەسەندنەوەی لێی، بەکاریهێنا. یان ئەوەتا، تۆ هێشتا داڵغەی ئەوە دەکەیت، کە چارەنووست ئەوەیە لێرە بمێنیتەوە و هەموو ژیانت بەسەربەریت؟!".

## نەرسیس.

بەمشێوەیە گۆڵدمۆند پەرستگەکەی بەجێهێشت، دەستیکرد بەگەڕان لەدووی خۆی و خودا. لەشێوەی ئادەم گەڕایەوە سەر زەویی، بۆیەکەمجار خۆی دۆزییەوە و، کاژێرگەلێکی زۆر لە گوڵێک ڕاما. بەباوەڕێکی زۆرەوە خۆی دەدواند؛ "چ مرۆڤێکی گەورە و بەتوانا و دڵشاد، ئەو مرۆڤەیە کە دەتوانێت ئەم گوڵە درووستبکات؟ بێگومان کەس ناتوانێت؛ نە پاڵەوان و ئیمپراتۆر، نە پاپا و پیرۆزێک!".

ئەودەمەی لەژێر هەژموونی باوکی ڕزگاری بوو، دەمی ناسینی کچێکی گوندنشین بوو. ئەوکاتە بۆی دەرکەوت، کە بانگی مرۆڤی نێو ناخی خۆی، بەهێزترە لە بانگی خواناسێک. ئیدی دەستیکرد بەگەڕان لەدووی ماناکانی ژیان، لە ژندا! بەوپێیەی ژن؛ نهێنیی حەوا، ئاگامەندبوونی دڵ، ئەستووریی زەویی، چێژپاک و ئازارپاکیی لەنێو ناخدا هەڵگرتووە. ئەمانە و لەپاڵ ئەو هەستە پەرجووئاسایەی کە هیسە پیرۆزیدەکات و –لای هەندێکیش سەیرە–، ناودەنرێت بە **سێکس**. بێگومان قسەکردن لەسەر ژن لە ڕۆمانەکانی هیسەدا، پێویستی بە وتارێکی دیکەیە، ئاخر لە هەموو ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا، ژن بەشێوەیەکی پیرۆز، کاریگەر و قووڵ، باسکراوە.

گۆڵدمۆند لە گەشتەکەی بەردەوام دەبێت، ڕێگەی بەفراویی دەبڕێت، تا دەگاتە کڵێسایەک، کە لەپێش دەرگای چوونەژوورەوەدا، پەیکەرێکی مەریەمی پاکیزە دانراوە. لەودەمەدا بۆی دەردەکەوێت؛ "شتێک لەودا هەیە، بۆ ژیان ناردوویەتی. شتێکی نیمچە ڕازئامێز، بەڵام زۆرجار لە خەودا دەبینرێت؛ شتێک کە بەدرێژایی ژیانی، بەدوایەوە

بووە!". لێرەوە دەستدەکات بەگەڕان لەدووی ماناکانی ژیان، لەنێو هونەر و هونەرمەندا، بەوپێیەی هونەرمەند ئەوکەسەیە؛ "دێتە نێو جیهانەوە، درووستکراوەکانی خۆی خۆشدەوێت، پاشان دووبارە درووستیاندەکاتەوە!". ئەمە لەکاتێکدا کەسی بیرمەند، ئەوکەسەیە؛ "بۆ گەییشتن بە خودای خۆی دەجەنگێت، ئەمیش بەدوورخستنەوەی جیهان لە بەردەمی!".

لە سەروەختی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، خۆم دەدواند: دەبێت **عەلی عیززەت بیکۆڤیچ**، کاتێک کتێبی **ئیسلام لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا**یدای نووسی، بە هیسە کاریگەر بووبێت. دواتر بۆم دەرکەوت، ئەو زیاد لەجارێک لە کتێبی **هەڵهاتنم بەرەو ئازادیی**، باسی هیسەی کردووە. ئەوەی زیاتر وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە، لێکچوونی تێڕوانینی هەردووکیانە بەرامبەر هونەر. ئاخر ئەوان وای دەبینن؛ هونەر هزرێکی ئایینیی، حەزێکی دەربازبوون لە جەستە و، ڕۆچوونی نێو قووڵاییەکانی خودی مرۆڤە!

گۆڵدمۆند فێری هونەری پەیکەرتاشیی دەبێت، لای ئەو هونەرمەندەی پەیکەری مەریەمی پاکیزەی درووستکردووە. دوو ساڵ لەماڵەکەیدا دەمێنێتەوە، تاکوو پەیکەرێک بۆ **یوحەننای پیرۆز (پێغەمبەر یەحیا)**، لەسەر شێوەی نەرسیسی هاوڕێ و مامۆستای، درووستبکات. بەوشێوە پیرۆزەی مامەڵەی لەگەڵ ژندا کرد، لەگەڵ هونەریشدا هەر وابوو.

بەڵام گۆڵدمۆند هەرزوو بۆی دەردەکەوێت، قووڵبوونەوەی لە ژیانی هونەریی؛ واتە گۆڕینی هونەر لە کردەیەکی ڕۆحییەوە، بۆ کارێکی ڕۆژانەی تاقەتپڕووکێن. نەخێر! ئەو بۆئەوە نەکراوە، بچێتە ڕیزی پەیکەرتاشان و سەری کەسە پیرۆز و پێمێلکەکان، لە بەرامبەر بڕەپارەیەک لە کڵێساوە، درووستبکات. ئەو بەدووی شتێکی جیاوازدا دەگەڕێت، هەربۆیە ڕەتیدەکاتەوە، کچی مامۆستا پەیکەرتاشەکەی بخوازێت، بەڵکوو دووبارە دەستدەکاتەوە بەگەڕان.

"ناتوانم ژیانم لە کاری دەستیی بەسەرببەم، پەیکەر و چەرچەفی کڵێساکان پاکبکەمەوە، وەکوو کارگوزارێکی ئاسایی ئیشبکەم و پارەوەربگرم؛ نا! ئەوە ناکەم. دەمەوێت بژیم، دووبارە ڕێگەکان ببڕمەوە، ئازارەکانی بچێژم، تینوو و برسییم بێت. دەبێت شتگەلێک لەبیربکەم، مێشکم ڕەهابکەم لە هەموو ئەوشتانەی لێرە فێریان بووم. ڕۆژێک لەڕۆژان، دەبێت پەیکەرێکی وەها درووستبکەم، قووڵاییی ناخی ئەوخەڵکە بهەژێنێت، دەبێت لە جوانییدا، هاوتای پەیکەری دایکی پیرۆز بێت! یان دەبێت وەک تۆ بم و شێوازی ژیانی تۆ بژیم، یانیش واناکەم.".

گۆڵدمۆند لە گەشتەکەیدا بەردەوام دەبێت، بۆگەڕان بەدوای ماناکانی بوون، ئارامگە و مرۆڤ، هەروەها گەڕان بەدوای خودی خۆی.

لەدووی گشت ئەمانەدا دەگەڕا؛ مردن و هەڵەی کوشتن، کارەکەرێکی سڤیل، کە دەردوبەڵایەک دەیکوژێت، لە سووتانی کۆمەڵەجوویەک تا ئاستی مردن، چونکە

مەسیحییەکان وایان دادەنا، ئەوان هۆکاری ئەو دەردوبەڵایەن!

باوەڕدارەکانیش، ڕەنگە گەشتەکەی گۆڵدمۆند وا بخوێننەوە، کە یاخییبوون و کەوتن و هەستانەوەیەکە، بەڵام هەمیشە ڕێگەکان، یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە. گۆڵدمۆند وێنە و ڕەنگدانەوەی هیسەیە، کە لە خێزانێکی پرۆتستانتیی باوەڕپتەو گەورە بووە، بەڵام هەرزوو لە خوێندنی کڵێسا یاخیی بوو و، هەتا گیانی سپارد، هەموو ژیانی لەگەڕان بەدوای خودی خۆیدا، بەسەربرد.

# ئاگامەندیی کڵۆڵییە ئەی سیدھارتا!

ژیان چ واتایەکی هەیە، ئەگەر مرۆڤ لە ماناکانی ئازار، چێژ، خۆشەویستیی، دوورەپەرێزیی و سەرجەم ئەو هەستە مرۆڤایەتییانەی وەک ئەفسانەن؛ تێنەگات؟!

هاوشارەکانم، چۆن دەتوانن باسی هەموو ئەم شتانە بکەن، کە ئەزموونیان نەکردووە؟ لەوانەیە شێوەکانیان بناسنەوە، پێدەچێت دەستیان لێدابێت، بەڵام بێگومان ڕۆنەچوونەتە نێو قوڵاییەکانییەوە، تاکوو بتوانن شتێکی لەسەر بنووسن. لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە؛ چۆن دەتوانن باسی سیاسەت بکەن، کە تەنانەت خودان حیزبێک نین؟ چۆن باسی شۆڕش

و ئامانجەکانی دەکەن، لەکاتێکدا ڕۆژێک لە ماڵی خۆیان وەدەرنەهاتوون؟! چۆن دەتوانن شیعر بنووسن، کە بەڕوونیی ئەوینیان ئەزموونەکردووە؟ چۆن باسی چێژ و کاریگەرییەکانی دەکەن، کە باش نایناسن و جارێک چەشەیان نەکردووە؟ چۆن باسی ئازار دەکەن، کە هەرگیز نەجەنگاون، جارێک نەبووە تفەنگیان بینیبێت؟!

بەم دواییانە بە بڕوایەک گەییشتم، گورجێ باوەڕم پێهێنا، لەوانەیشە هەڵەبم، ئەویش ئەوەیە؛ زۆربەمان پەنا بۆ کتێب دەبەین، بەئامانجی گەڕان لەدووی ژیانێک، کە لەدەستمانداوە، یان لەدەستیدەدەین. ئاخر ئێمە ژیانێکی شایستە ناژین، هەتا لەڕێگەیەوە سەرجەم ئەو هەست و سەرکێشیانە تاقیبکەینەوە، کە ئەزموونێکی تایبەتییمان دەدەنێ، تا پەند و ئامۆژگاریی لێ وەربگرین.

هۆکارەکەیشی ئەوەیە؛ ئێمە ئازادیی پێویستمان نییە، تاکوو بە کردەی **ژیانکردن**، تێبپەڕین.

هەموومان دەتوانین وەکوو تووتی، قسەی نووسەری ئەورووپایی، عەرەبیی و بیانییەکان، بڵێینەوە، یان

گوڵبژێرێک لە وتەکانیان هەڵبهێنجین، یاخود لە ئەزموون و داناییان شت فێرببین؛ ئەی چیی دەربارەی دانایی و ئەزموونی خۆمان؟ چیی دەربارەی ژیانمان؟ هیچ! چونکە ئێمە ناژین.

شتێک کە لە ڕۆمانی **سیدهارتا** سەنجیڕاکێشام، توانای گۆڕانی سیدهارتا بوو، لە زاهیدێکیەوە بۆ چێژوەرگرێک، لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا.

هیسە ئەم ڕۆمانەی بۆئەوانە نووسیوە، کە لە ئازادیی زەوتکراون، توانای چەشتنی ژیان و وەرگرتنی ئەزموونی خۆیان نییە، بۆئەوانەی ناتوانن ڕێگەکانی ژیان تاقیبکەنەوە، تا لەکۆتاییدا بە دەرئەنجام و مەرامی تایبەتی خۆیان، هەروەها ئەو داناییەی کە فێرناکرێت، بگەن. دانایی فێرناکرێت، بەڵکوو وەردەگیردرێت.

هێرمان هیسە! چۆن بتوانین لەڕێگەی ژیانەوە، دانیی وەربگرین؟ ئەو دەڵێت: "دانایی فێرناکرێت؛ ئاخر گەر دانایەک، ویستی دانایی فێری کەسێک بکات، ئەوا قسەکانی گەمژانە دەردەچن. دەکرێت زانست فێربکرێت، بەڵام دانایی،

نا. مرۆ دەتوانێت دانایی بدۆزێتەوە، گەر ئەزموونیبکات، بەرپرسیار بێت بەرامبەری، هێزی لێ وەربگرێت، بەڵام ناتوانێت باسیبکات، یان کەسێک فێربکات!".

بڕوام وایە، دەتوانین لە ژیانماندا، بڕێکی زۆر لە لەدەستدانی ئازادیی، پلەی کۆمەڵگە و سیاسیی، هەڵبهێنجین. ئەمەیش شتێکە دەبێت بیزانین، ئەگینا ئێمە مرۆڤگەلێکی ئاگامەند و هۆشیار نین، لەو شتانەی لە دەورووبەرماندا ڕوودەدەن.

وتم ئاگامەندیی؟ ئاگامەندیی کلۆڵییە. ئەم خەم و وەڕسییەی لەنێوماندا تەشەنیسەندووە، ئاماژەیە بۆ ئاگامەندبوونمان. هەندێک جار دوور لە ڕۆمانی سیدهارتا دەدوێم، کە بەتەمام لەم وتارەدا باسی لێوە بکەم، بەڵام لەهەمان کاتدا، ڕێڕەوی باسەکەم بەرەو ئەو ڕۆمانە مەزنە دەمانبات. ئاخر ناتوانم ڕاستەوخۆ باسی سیدهارتا بکەم، کە درووست لە **ڕاسکۆلینکۆڤ**ی نێو ڕۆمانی **تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی**ی دەچێت. ڕووی لێکچوونی ئەم دوو کارەکتەرە، ئەوەیە؛ سیدهارتا و ڕاسکۆلینکۆڤ، لەنێو ناخی

هەموو مرۆڤێکدا هەن. سیدھارتا من و تۆین، هیسە بەشێک لە لایەنی مادیی و ڕۆحیی مرۆڤی وەرگرتووە و، سیدهارتای لێ درووستکردووە!

ئێمە هەمان هەست و ئەزموونی سیدهارتامان هەیە؛ لە زاهیدبوون، چێژوەرگرتن و دۆزینەوە. بەڵام ئایا دەتوانم باسیبکەم، کە نایزانم؟ چونکە خۆم ئەزموونم نەکردووە و تاقییم نەکردووەتەوە. هەر ئەمەیشە وامان لێدەکات، باوەڕمان بە شتێک نەمێنێت، چونکە ئەزموونمان نەکردووە. بۆیە هەمیشە باوەڕمان پێ لەنگ دەبێت، هەتا وەکوو سیدهارتا، خۆمان پێیدا تێپەڕنەبین. بۆیە لە سەرەتای نووسینەکەمدا، هەموو ئەو پرسیارانەمکردووە، چونکە سیدهارتا لە من بەزتر و دوورترە، ئەو وای لێکردم، بیر لەو خاڵانە بکەمەوە، کە دەمگەیەنێت بەو شتەی، ئەو پێی گەییشتووە.

"ئەم خەڵکانە بە خۆشەویستیی و سەرسوڕمانیی تەنراون، لە وەفادارییە کوێرانەکانیان، لە هێز و ڕەگداکوتانە کوێرانەکانیان. لەهیچ شتێکیان کەم نییە، هیچ شتێکیش نییە

بەسەر ئەواندا زاڵ بێت، جگە لە یەک شتی زۆر بچووک نەبێت؛ ئەویش ئاگامەندییە، کە نییانە! سیدهارتا یەنیا یەک جار هەستی بەم زانین و هزرانە کرد؛ ئایا دەبێت بەهایەکی زۆری بۆ دابنرێت؟ ئایا ئەمە شتێکی منداڵانە نییە، کە بیرمەندەکان هێناویانەتە بوون؟ هەندێک جار لەمجۆرە هزرانە، ڕوو لە مێشکی دانایەک دەکەن و، بەسەریدا زاڵ دەبن، هەروەکچۆن هەندێک جار ئاژەڵەکان، بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبن، لە هەوڵی پەیداکردنی پێداویستییەکانیان، بە هێز و توانایەکی نەبەزیوەوە!".

## سیدهارتا؛ دەربارەی تێکەڵکردنی ڕۆح و ژیان

ئیبراهیم ئەلعەریس

ڕۆمانە، یان قەسیدەیەکی شیعریی لە فۆرمێک، کە دەمێکە نانووسرێت؟ دەقێکی فەلسەفیی ڕامانە، یان کتێبێکی زانستە ئایینییەکان؟ یاداشتە، یان کۆمەڵەپرسیارێکی کەڵەکەبووە و نووسەر ساڵ لەدوای ساڵ و ئەزموون لەدوای ئەزموون دەیکردن؟ کتێبێکە بۆ ڕۆژهەڵاتناسیین، یان هەوڵێکە بۆ تێگەییشتن لە کۆمەڵێک هزری ڕۆژهەڵاتیی کە نووسەر تیایاندا ژیاوە؟! لەڕاستییدا، ئەو کتێبەی ئەم هەموو پرسیارەی لەسەر دەکەین، کتێبێکە پێکهاتووە لە هەموو

ئەوانە! کتێبێکە تێیدا گەنگەشەی کۆمەڵێک بیری ڕۆژهەڵاتیی دەکات، ئەمانە و لەپاڵ کاریگەربوون بەو کتێبەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد؛ **وەهای گوت زەردەشتەی نیتچە**. هیسە کە لە کۆتایی دەیەی دووەمی سەدەی بیستدا، ڕۆمانی سیدهارتای نووسیوە، دوور نەبووە لە هزری نیتچەگەرایی، بەڵام لە نیتچە زیاتر بەئومێد و کراوە و مرۆڤدۆست بووە. ئالێرەوە کتێبەکەی هیسە وەک کتێبێکی شیعریی بڵند و ڕۆمانێکی زۆر باش ناسێنرا، کتێەکەی نیتچەیش وەک دەقێکی فەلسەفیی ڕووت.

خوێنەرێک بەوردیی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، دەزانێت هیسە بە دوو قۆناغ نووسیویەتی، قۆناغی یەکەم، بارێکە تێیدا هیسە سەرفرازە و، بەویستی خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، تێیدا کارەکتەرەکان لە جووڵە ناکەون. قۆناغی دووەم، بارێکە تێیدا هیسە کەوتووەتە قەیرانێکی قووڵی ڕۆحییەوە و، هەندێک تەنگژەی دەروونی تووش بووە، بۆیە

ماوەیەک لێدەگەڕێ ڕابمێنێت و بگەڕێت، ئەم حاڵەتەیش لە کارەکتەرەکاندا دیارە.

بۆئەوەی لەگەڵ قۆناغی یەکەمی ڕۆمانەکە مامەڵەبکەین، دەبێت بەدوای ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بچین و ئاوێتەی بین، بەڵام لە قۆناغی دووەم، پێویستە ئێمەیش لەگەڵ هیسەدا ڕابمێنێین.

بەڵام دوای هەموو شتێک، سیدهارتا باسی چیی دەکات؟ وەک ڕوونە، کەسێکە لە یەکێک لە هەرێمەکانی **نیپاڵ** دەژی، کە سەر بە هیندستانە و، هیسە زۆر باش ئاشنای ئەو شوێنەیە. ناوی سیدهارتا، دوو بڕگەیە و بە واتای (ئەو کەسەی گەڕا، پاشان دۆزییەوە) دێت.

سیدهارتا گەنجێکە، دەیتوانی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەئارامیی بژی، بەڵام ڕۆژێک بڕیاردەدات، بگەڕێت و ڕابمێنێت، لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستیی ڕەها و دانایی. هاوڕێیەکی لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەناوی **گافندا**. لە سەرەتای

گەشتەکەیاندا، دەچنە دارستانێک، لەوێ کۆمەڵێک دانا دەبینن، کە فێری ئارامگرتن، ڕامان، نوێژ و خۆپاکردنەوە و، دوورکردنەوە لە ئارەزووەکانی ژیانیان دەکەن. هەموو ئەمانە، کارەکتەرە لاوەکەمان تێرناکەن، بەڵکوو لە هەوڵی بەردەوامدا دەیهێڵنەوە بەدوای مەبەستی ویستراو. تا دەگەن بە کەسێکی ڕووسپیی و دانا، کە **بوودا**یە. پاڵەوانەکەمان بۆی دەردەکەوێت، ئەم دەتوانێت ڕێگەی ڕاستی پیشان بدات و بیگەیەنێت بە ڕاستیی ڕەها. بەڵام سەیر لەوەدایە، بوودا ئامادە نییە فێریانبکات، بەڵکوو ئەو وای دەبینێت، هەموو شتێک لەنێو ناخی خۆیاندا هەیە و پێویست ناکات فێربکرێن.

بۆیە پێویست بوو سیدهارتا لەوێ بڕوات و ڕۆحی خۆی لە جیهاندا بتوێنێتەوە. هەر وایشی کرد، ڕێگەی شاری گرتەبەر و وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی ژیا. لە شار، شۆخێکی دیت بەناوی **کۆمالا**، کە ڕای وایە هیچ خانمێکی وەک ئەم، جوان و شۆخ نییە و نەیبینیوە. دواتر کە کچەی دڵبەر دەبێتە بوودابییەک، پاڵەوانەکەمان بۆی دەردەکەوێت، کە کوڕێکی لێ بووە.

ئینجا بازرگانێک دەناسێت، بەناوی **کاماسفانی**. لەگەڵ ئەم پەیوەندیی و گۆڕانکارییانەدا، وادیارە کارەکتەر بەرەو فەوتان دەچوو، ئاخر خۆشیی ژیان کاری تێکرد و، فێری فرتوفێڵی بازرگانان بوو.

ئەگەرچیی دەیزانی بەرەو فەوتان و داڕووخان دەچێت، بەڵام ئەزموونێک بوو دەبوو بیبینێت، بوودا ئاوا ئاراستەی کرد، ئەویش گوێڕایەڵیی وی کردبوو.

دواتر بۆمان ڕووندەبێتەوە، ئەم ئەزموونە دنیاییەی کە بینی، نەک بەرەو داڕووخانی نەبرد، بەڵکوو فێری دانایی کرد. بەڵام لە ناخەوە هەستی بەوە دەکرد، کە پێویستە بگەڕێتەوە ئەو ژیانەی لەسەری ڕاهاتبوو، واتە ژیانی گەڕان و تێڕامان، پرسیار و گومان. شار و کچەی شۆخ و هاوبەشەکەی جێدێڵت، دەگەڕێتەوە دارستان؛ مۆڵگەی تێڕامان و نیشانەی نەمریی.

هەنووکە لە دارستان دەژی، گەییشتووەتە ترۆپکی دانایی و ڕۆژهەڵاتناسیی. ڕۆژێک کوڕێک دێتە لای، دواتر کە دەیناسیێتەوە و دەزانێت کوڕەکەی خۆیەتی، بە بینینی شادومان دەبێت، بەڵام بە هەواڵی جیابوونەوەی گەلێک خەمبار و پەشێواو. کوڕەکەی پێی ڕادەگەیەنێت، کە لێی جیادەبێتەوە و ژیانی تایبەتی خۆی ئەزموونەدەکات، ئەمیش کە سۆزی باوکایەتیی ڕێگرە لەوەی بڕوات، بەڵام دواجار دەبێت قایلبێت بە ڕۆییشتنی و لێگەڕێت ئەزموونی خۆی تاقیبکاتەوە، ئاخر خۆیشی ئەوێ ڕۆژێک بەهەمان قۆناغدا ژیاوە و تێپەڕیوە...

ئەم ڕۆمانەی هیسە، لەپاڵ **یاریی گۆ شووشەییەکان، دێمیان و گورگی ڕووتەڵان**، ناسراوترین کاری هیسەن و، بەو کارانە دەژمێردرێن، کە لە خودی مرۆڤەوە نزیکن. لەم کارانەدا، هیسە بانگەشەی ئەزموونکردن و گەڕان و پرسیار دەکات، وەک لە ڕامانێکی دوورەپەرێز. بەو واتایەی؛

ئەزموونکردنی ژیانی بەلاوە پەسەندترە، وەک لە ڕامان و بیرکردنەوە لە دوورەوە.

ئەم کارەی هیسە و لەپاڵ ئەوانی دی، وای لە ئەکادیمیای سوێد کرد، خەلاتی نۆبێلی ئەدەبیی پێببەخشن. گرنگیی ئەم کارەیش لەوەدا بوو، وەختایەک کە ئەورووپا هەموو نغرۆی دەروونێکی ڕووخاو و بارێکی پەشێواو بوون، هیسە بە کۆمەڵێک ئەزموونی تاکەکەسیی و خودناسییەوە ئەم دەقانەی نووسی، ئەمەیش بۆ ئەورووپای ئەو سەردەمە، گەلێک نوێ و جیاواز بوون.

# دێمیان، ئەو ڕۆمانەی بەدووی خودی مرۆڤدا دەگەڕێت

**حەبیب ئایەت ئەوسالّەح**

لێکدانەوەی دەروونی مرۆڤ، هەندێک کێشە و دژیەکی تێدایە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، مرۆڤ، هەرچەندە زانست و دەروونناسیی لێی بکۆڵنەوە، هێشتا هەمان ئەو بوونەوەرە تەمومژاوییەیە، بۆیە گەییشتن بە دەرئەنجامێکی درووست و یەکلاییکەرەوە، چ لە زانست و دەروونناسییدا، تا هەنووکە نەبووە و زەحمەتە.

زۆر نووسەر لە دەقەکانیاندا، گەنگەشەی دەروونی مرۆڤیان کردووە، بەڵام ئەمانیش وەکوو زانست و دەروونناسیی، نەیانتوانیوە بگەنە خاڵێکی زۆر ورد و درووست. منیش بۆئەوەی لەم نهێنییە تێبگەم، بڕیاری خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبیی سەر بە زانستی شیکاری دەروونییم دا، بۆیە ڕۆمانی دێمیانم هەڵبژارد، کە هیی هێرمان هیسەیە و، دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی نووسیویەتی، پاشئەوەی نووسراوەکانی **سیگمۆند فرۆیدی** خوێندەووتەوە.

سەبارەت بە ناونانی ڕۆمانەکە؛ (Demian)، دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Daimon), کە بە واتای شەیتان دێت، ئەو (De)ـەی لە سەرەتای وشەی (Demian)ش کە هاتووە، نووسەر مەبەستی تێکەڵکردنی باش و خراپ، خودا و ئەهریمەن، ئاگاماندیی و نائاگامەندییە. لەم ڕۆمانەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئامانجی ژیان، زانینە. هەموو مرۆڤێک پەیامێکی هەیە، کە دۆزینەوەی خۆیەتی، ئەگەر نا ژیان چ مانایەکی نییە.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی کارەکتەر **ئەمیل سەنکلیر**، باسی وردەکاریی گەورەکردن و پەروەردەکردنە ئایینییەکەی دەکات، کە وای لێکردبوو کەسێکی گوێڕایەڵ و ترسنۆک بێت. بەڵام سیناریۆی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت، کاتێک سەنکلیر یاخیی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە، دزیی و درۆدەکات.

لەم کردارانەی بەردوام دەبێت، هەتا هاتنی دێمیان. کە لە ئەنجامی یەکبینینە بەردەوامەکانیان، پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەو تەنگژەیەی تێیکەوتووە، ڕزگاریدەبێت. لە کەسێکی ترسنۆکەوە، بۆ کەسێکی بوێر و ئازا، لێرەوە هەوڵیدەدا لە ناخی خۆی تێبگات و شتەکان لێکبداتەوە، ئەمەیش دەرگای باشبوونەوە و ڕامانی بۆ والاکرد.

سەنکلیر کە بەرەو باشبوونەوە دەچوو، ڕۆژێک خانمێکی دەکەوێتە پێش چاو. هەڵوەدای ئەم خانمە دەبێت، لەمەوە فێری ڕامان لە ژیان و وردبوونەوە دەبێت، هەر لەبەر ئەمیشە، کە ڕوودەکاتە وێنەکێشان، بۆ خۆخاڵییکردنەوە و

پاکبوونەوە، دەربڕینی هەست و بیر. ژن لە ژیانی نووسەردا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، چونکە کارەکتەریش لە نووسەرەوە نزیکە، بۆیە لێرەشدا دەبینین، ژن چۆن وایکردووە بەرەو باشبوونەوە هەنگاوبنێت.

هیسە ئەم ڕۆمانەی لەژێر کاریگەریی ئەوین نووسیوە، بۆ نا؟ ئەوێک کە دەورووبەری تژییە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان. هیسە دەنووسێت "ئەوین نابێت داوابکرێت، بەڵکوو دەبێت ئەو هێزەت بداتێ، کە بڕوات بەخۆت هەبێت.".

ڕەنگە گرنگترین وانە لەم ڕۆمانەوە چنگمانبکەوێت، پەیوەندیی هەبێت بە توانستی مرۆڤ لە دۆزینەوەی ناخی خۆی، زاڵبوون بەسەر ترسەکانی و تێگەییشتنی خەونەکانی.

# دێمیان؛ ئایا هەموو هەڵەیەک خراپەیە؟

**موحەمەد مووسا**

"نە من و نە کەسی تریش، بۆ شیعرنووسین و تابلۆکێشان دروووستنەکراوین، ئەمانە هەموویان لەخۆوە دێن. گشت مرۆڤێک خاوەنی یەک ئامانجە؛ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆنێو خودی خۆی. لەوانەیە ئەم ئامانجە، بیکات بە شاعیر، شێت، یاخود دڕندەیەک، ئەمەیش بەهانە و پۆزشی ناوێت، چونکە کاری ئەو دیارییکردنی داهاتووی خۆیەتی، نەک ئەو

داهاتووەی بۆی دیارییکراوە، هەروەها دەبێت لەو داهاتووەی بژی و پێی قایل بێت!".

هێرمان هیسە، ساڵی ١٨٧٧ لە ئاڵمانیا و لە خێزانێکی باوەڕدار، چاوی بە دونیا هەڵهێنا. هیسە بە سرووشتی خۆی، کەسێکی یاخیی بوو، وەدووی خەیاڵدا دەچوو، دەستی بەسەر هەموو ئەو هزرانەدا دەگرت کە پێی ئاشنادەبوو و، جیهانێکی تایبەتی بۆخۆی درووستکردبوو. سەرەتا وەکوو باوەڕ، لە ماڵ یاخیی بوو، پاشان لە خوێندنگە. ئاخر بەلای ئەوەوە، قوتابخانە ئەو دوژمنە بوو، کە هێرش دەکاتە سەری و، دەیەوێت ژیان و بەهرەکەی بشێوێنێت. ئەو دەیویست لەگەڵ سرووشت و بوونەوەرەکانیدا تێکەڵبێت، تاکوو لە پەیڤینی گوڵ و مێرووولە و پەپوولەکان تێبگات، هەروەها لە دارەکان ڕابمێنێت کە گەشەدەکەن و، لە گیاندارەکان کە پێدەگەن.

لەسەرەتادا، هیسە بە شیعر دەستیپێکرد، لەم بارەیەوە دەڵێت؛ "هەر لە تەمەنی سیازدەساڵییمەوە بۆم دەرکەوت؛

یان دەبم بە شاعیر، یان نابم بە هیچ!". فەلسەفەی ماتریالیزم وای لە هیسە کرد، هەست بە دوورەپەرێزیی بکات، هەربۆیە ئایین، کۆمەڵگە و ژیانی ڕەتکردەوە.

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی و، بەشدارییکردنی هیسە تێیدا، تووشی نەخۆشیی دەروونیی کرد، بۆیە چارەسەری پزیشکیی وەرگرت و، لەم ڕێگەیەوە **کارڵ گۆستاڤ یۆنگ**ی بینی، کە زانایەکی گەورەی دەروونشیکارییە. هەر لەو ماوەیەدا، بە سێ حەفتە و لە مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧، ڕۆمانی **دیمیان**ی نووسی. دواتر لە ساڵی ١٩١٩، دوای ئاگربەست و کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی، لەژێر ناوی خوازراوی **ئەمیل زەنکلیر**، بڵاویکردەوە.

ڕۆمانی دیمیان، باس لە نەوەیەک دەکات، کە بەدووی دەربازبوون لە کۆتوبەند، ماتریالیزم و نەمانی بەهاکان دەگەڕێن. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی ژیانی خودی هیسەیە، لەهەوڵی گەڕان بەدوای خودی خۆی و، ئازادییەک کە کۆتوبەندەکانی ئەو کۆمەڵگایە نایبەستێتەوە.

ڕۆمانەکە لەسەر زاری **سەنکلیر**ەوە دەستپێدەکات، کە چیرۆکی منداڵیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. باسی تێڕوانین لە جیهان، ڕەش و سپی، باش و خراپە دەکات، لەچاوی منداڵێکەوە؛

"سەیرە ئەم دوو جیهانە چەندە لێک نزیکن، جیهانی دایک و باوک؛ واتە جیهانی خۆشەویستیی و بەهای بەرز، پاکیی و دەست و جلی شۆردراو و خاوێن، سروودەکانی بەیانییان و ڕۆژانی پیرۆز، خۆشەویستیی و دانایی و پەیڤەکانی ئینجیل. جیهانەکەی تریش؛ جیهانی درۆ و دووبەرەکیی، ئەفسانە، کارەکەر، زیندانیی و مەیخۆران، کوشتن و خودکوژیی. من ئەندێشەی شەیتانم دەکرد لە چواردەورم دایە، جگە لە ماڵەکەمان!".

ئەم خراپەیە، زۆر لە سەنکلیرەوە دوور نەبوو. لەگەڵ هەندێک منداڵی خراپ تێکەڵبوو، لەهەندێک کاری خراپەوە

تێوەگلا، ناچار دەبوو درۆبکات، تاکوو پەیوەندیی هاوڕێیەتیی قاییمتربکات؛ "خەڵکان لە جیهانەکەی دی، وەک ئێمە نین؛ لە درۆ و قسەهەڵبەستن ناترسن!".

ناچار بوو دزییبکات و خانەوادەکەی بخەڵەتێنێت. پێشتر ماڵەوەیان و باوەشی دایکی، ئارامگەی ئەو بوون، وەلێ هەنووکە وانییە؛ "بەئازارەوە دەژیام، وەکئەوەی دێوەزمەیەک بم، لەنێو ئارامیی ئەو ماڵەدا!".

وێنەی کڵاوەکەی باوکی، چەترەکەی دایکی، تابلۆ گەورە هەڵواسراوەکەی ماڵەکەیان و، دەنگە هێمنەکەی خوشکی دێنەوە بەرچاوی، تاکوو هەموو ئەمانە پێکڕا، پاکوخاوێنیی، ئارامیی و نەترسان بێننەوە یادی. پێشتر لە هەموویاندا ژیاوە، بەرلەوەی ئەم هەڵەیەبکات و، نهێنییەک بشارێتەوە، کە بترسێت ماڵەوە پێی بزانن. بۆ یەکەمجار هەستی بە مردن کرد، ئەو مردنەی کە ترسانە لە سبەی، نامۆبوونە لە داکەوت و جیابوونەوەی هەستەکانە؛ "دەمەوێت زەویی هەڵملووشێت و دیارنەمێنم، من ژیانی خۆمم تێکدا. ناتوانم

هیچیان پێبڵێم، هەنووکە سەر بە جیهانی خراپەکارانم!".
بەبەردەوامبوونی تێوەگلانی لە خراپە، هێدی هێدی دیدگای بۆ کەسانی چواردەوری دەگۆڕا؛ ئاخر کاتێک باوکی، لە پاکڕانەگرتنی پێڵاوەکانی سەرکۆنەیکرد، لەو دەمەدا هەستێکی بۆ درووست بوو، کە باوکی نەفامە؛ "ئەمە هەموو کێشەی تۆیە؟ ئاخ! ئەگەر دەتزانی، ڕەنگە هەر ئێستە پۆلیست بۆ بانگکردبام! ئێوە تا ئێستەیش وا دەزانن، من منداڵێکم و تاکە خراپەم ئەوەیە، پێڵاوەکانم پاکڕاناگرم!".

هەستێکی خۆش بوو، لە مێشکی خۆیدا، وێنەیەکی دیکەی بۆ باوکی چێکرد.

"لەکاتی نوێژی شەوان، نەمتوانی لەگەڵیاندا بەشداربم، هەموو ئاوازێکی منی دڕدۆنگدەکرد، سۆزی خودا لەگەڵ هەموویاندا بوو، من نەبێت!".

## ماکس دێمیان، لەودیو باشە و خراپەوە

لەناکاو لە ژیانی سەنکلیردا، دێمیان دەرکەوت؛ ئەو کوڕەی لەگەڵ خۆیدا ئاوێتە بووە، خاوەن کەسایەتییەکی پێگەییشتوو و بڕوابەخۆیە، هات تاکوو سەنکلیر لەم کێشە ڕەوشتییە قوتاربکات.

دێمیان بەشێوەیەکی دیکە بابەتەکەی ڕوونکردەوە، باسی **قابیل** و **هابیل**ی بۆکرد، کە بەرجەستەی هەردوو جیهانی باشە و خراپە دەکەن. دیدگایەکی دیکەی بۆ چیرۆکەکە هەبوو، کە باسی خراپە و جوداکردنەوەی ڕووناکیی و تاریکیی دەکرد، جیاواز لەو دیدگایەی سەنکلیری لەسەر پەروەردە کراوە.

"لەوانەیە قابیل بەوشێوەیە خراپ نەبووبێت، کە لەبەر ئیرەیی، براکەی خۆی کوشتبێت. وێدەچێت نیشانەیەکی تایبەتی هەبووبێت، کە گوزارشتە لە زیرەکیی و بەهێزیی، تا ئاستێک وای لەو خەڵکە کردبێت لێی بترسن. کوشتنی

براکەی، تەنها کوشتنی بێهێزە لەلایەن بەهێزەوە و هیچی تر، ئەو کەسانەیشی کە بوێر و ئازان وەکوو قابیل؛ خراپ و دڕندە دەردەکەون، هەربۆیە ئەو چیرۆک و ئەفسانانەیان لەسەر درووستکردوون و، بە تووڕە و خراپ لەقەڵەمدراون!".

قابیل مرۆڤێکی بوێرە، هابیلیش ترسنۆک! سەنکلیر خۆی دەدواند؛ هابیل کە منی ڕابردوو بوو، قابیل کە منی ئێستایە، جۆرێکە لە هێز و بوێریی! هەنووکە من بە خراپەی خۆم، بەسەر باشەی باوکمدا زاڵم.

دوای ئەو ترس و دڕدۆنگییەی سەنکلیر بەمنداڵیی هەستی پێدەکرد، ئێستە گۆڕا و قوتاری بووە. خۆخزاندنە نێو جیهانێکی تاریک، بەوڕادەیە خراپ نییە، کە پێش ناسینی دێمیان وا لێی دەڕوانی.

ئەگەرچیی دوای ئەمانەیش، سەنکلیر بوێریی ئەوەی نەبوو، بڕوا بەو قسانە بێنێت؛ "خراپە پێویستی بە بوێرییە!"، بۆیە

گەڕایەوە باوەشی دایک و باوکی، تاکوو گۆرانییە دڵخوازەکانی بچڕێتەوە و، دووبارە ببێتەوە هابیل.

لەوەی پێشتر کردبوونی، ڕزگاری بوو و هەموویانی دایە دەست قەدەر؛ "من لەنێو دەستەکانی قەدەر بووم و نەمدەتوانی هەڵبێم!".

## پێگەییشتن

"جیهانی منداڵیی لە ناوەوەمدا ڕووی لە نەمان دەکرد، ئیدی هەستە سێکسییەکان دەخرۆشا، وەک هەر مرۆڤێکی تریش، ئەو هەستانە چەشنی تیرۆریست، یان هەرشتێکی خراپە، بەسەرمدا زاڵ بوو. کاتێک تووشی کێشەکانی پێگەییشتن دەبووم، دایک و باوکم وەکوو زۆربەی دایک و باوکەکانی دی، هیچ یارمەتییەکیان نەدام، لەهیچ جێیەکیش ئاماژە بۆ ئەو شتانە نەدرابوو. هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو، نکۆڵیی لەو ڕاستییە بکەم و هەر لە جیهانی منداڵیی بمێنمەوە!

کێشەم هەبوو، نەمدەتوانی لۆمەی باوکم بکەم، دەبوو هاوسەنگیی لەنێوان خۆم و ئەو ڕێگە نوێیە ڕابگرم. وەکوو هەر منداڵێکی تریش، بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەوتم نەکرد.".

لێشاوی پێگەییشتن، کۆمەڵەحەزێکی تێدا درووستکرد، کەسیش نەبوو ڕێنوێنییبکات، ئەگەرچیی وانەی ئایینیی وەردەگرت، بەڵام لە هزری ئەمەوە گەلێ دوور بوو.

ئیدی کۆمەڵە کەلێنێک لە باوەڕیدا درووست بوون، بەهۆی ئەوشتانەی دێمیان فێریکردبوون، لەوەی ئازادانە و تاکەکەسیانە بیربکاتەوە. بەڵام گەلێ لە هاوڕێ بێباوەڕەکانی جیاواز بوو، ئاخر ئەو ژیانی باوەڕداریی تاقییکردبووە و، بۆی دەرکەوتبوو بێسوودە.

دێمیان بەردەوام لە مێشکیدا، یاریی بە پیرۆزییەکانی دەکرد، دەیوت؛ "خودا هەموو شتێکی جوان، پیرۆز، پڕ لە

شکۆ و ناسکە؛ ڕاستە! بەڵام جیهان بێ لەوە، شتهایەکی دیکەیشی تێدایە. بەو پێودانگە بێت، هەموو شتە خراپەکانی دیکە، سەر بە شەیتانە. خەڵک وەها پەسنی خودا دەکەن، کە باوکی ژیانە، بەڵام ئەوە ڕەتدەکەنەوە باسی ژیانی سێکسییمان بکەن و، بەگەورەترین هەڵەی لەقەڵەمدەدەن! تۆ پێویستت بە خودایەکە، کاتێک شتە سرووشتییەکانی ژیان دێنەگۆڕێ، شەرمی لێنەکەیت و چاوی بەرامبەر دانەخەیت!".

لە سەروبەندی گەڕان و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕێگەپێدراو و قەدەغەکراو و جیاوازیی نێوانیان، وەکوو جیاوازیی جیهانی باش و خراپ، ڕووناکیی و تاریکیی، پاشان دەربڕینی هەستەکان بێترسان، دێمیان هەوڵیدا وا لە سەنکلیر بکات، خۆی کۆمەڵەیاسایەک بۆ ڕێگەپێدراو و قەدەغەکراو دابنێت، هەروەها بیروڕای تایبەت دەربارەی باش و خراپ، بۆخۆی چێبکات. دوای ئەوەی سەنکلیر نێردرایە قوتابخانەیەکی دوورەدەست، دوور لە دایک و باوکی، ئیدی ئەو شتانەی کە خراپ و نەکردە بوون، لەوێ بوونە شتگەلێکی ئاسایی و

ڕۆتینیی. ئالێرەدا ڕێگەیەکی نوێ دەستیپێکرد، کە گرنگیی بە هیچ نەدەدا. دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار مەی خواردەوە، وتی؛ "هەموو شتێک خراپ بوو، ئەگەر دەستی یاسا بمگرێت و فڕێمبداتە زیندانەوە، بەوەی کەسێکم کۆمەڵگە تێکدەدەم و پەرستگە دەشێوێنم، ئەوا نکۆڵیی ناکەم و بڕیارەکە بە درووست دادەنەم!

من ئاوام، پارچە بەرازێکی پیس و سەرخۆشم، کە حەزەکانی بەسەردا زاڵن. من ئاوام، من ئەوکەسەم کە لە باخچە پاکوخاوێنەکانەوە، بە ئاوازی **باخ** و شیعری جوانەوە هاتم!..."

هەر بەمەشەوە نەوەستا، بگرە دەنگی شەیتان لە گوێیدا دەزرینگایەوە. لە ناخی خۆیشیدا، هەرگیز لە خەمباریی و گریان نەوەستا، هەرکاتێک ئەو منداڵانەی دەبینی، کە هەستی جوان، پێڵاوی پاک لە پێیان و خۆشنوودیی لە چاوانیان دەردەکەوت.

هەرچەندە وێنەی باخچەکەی ماڵ، ماچەکانی دایکی، دیارییەکانی ڕۆژی لەدایکبوون و بەیانییانی ڕۆژانی یەکشەممەی پیرۆز، دەهاتنەوە یادگەی، زێدەتر هەستی بە خەمباریی دەکرد، ئەگەرچیی هاوڕێکانیشی لەگەڵی بوون؛ "ڕێگەی زۆر هەن، خودا دەتوانێت تەنیامانبکات و بۆنێو خۆمان بمانگەڕێنێتەوە، لەو ماوەیەدا، خودا بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردم!".

بەهۆی سکاڵای هاوپۆلەکانییەوە، باوکی هات و سەرکۆنەیکرد، بەڵام هیچی نەگۆڕی، ئاخر ئەو بەردەوام بەرەو خراپتربوون هەنگاویدەنا و، بەخۆی دەگوت؛ هەر ئەمە شایەنی منە.

هەر لەو دەمەدا بوو، کچێک بەبەردەمیدا تێپەڕی. بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لە یادگەیدا مایەوە، چونکە پێشتر لە تابلۆیەکی **ڕافائێل**، وێنەی ئەو کچەی دیبوو. قسەی لەگەڵدا نەکرد، بەڵام وێنەکەی لە مێشکیدا مایەوە و، کردی بە خواناسێک لە پەرستگەی ئەوین، گەڕایەوە بۆ خوێندنەوە و

ڕامان؛ "بەتەرخانکردنی خۆم بۆ ئەو، خۆم بۆ ڕۆح و خودا تەرخانکرد، ئامانجم تەنها پاکیی و جوانیی و ڕۆحانییەت بوو، نەک دڵخۆشیی!".

دەستیکرد بە کۆکردنەوەی کۆمەڵەڕەنگێک، لە هەوڵی کێشانی تابلۆیەک بۆ ئەو کچە. وێنەی دار، گوڵ و کۆمەڵەمنداڵێک یاریی دەکەن، کێشا، بەڵام نەیتوانی وێنەی کچەکە بکێشێت. لە هەوڵدان بەردەوام بوو، گەییشت بە ڕووخسارێک لە خۆی دەچوو، دواتر بۆی دەرکەوت، وێنەی دێمیانی کێشاوە.

بۆی ڕوون بووەوە، ئەو تابلۆیە گوزارشتە لە خۆی و خولیاکانی، ئەگەر هاوڕێیەکی بوێ، ئەوا دێمیانە، ئەگەریش هاوسەرێکی بوێ، ئەوا شتێک لە خەسڵەتەکانی دێمیانی تێدایە. ئاخر ئەوی خۆی بناسێت، دەتوانێت هاوڕێ و هاوسەرێک بدۆزێتەوە، کە تەواو لەگەڵیدا بگونجێت.

"کەسانێکی وەک **قەشە ئۆگەستین**، لەسەرەتادا لەو کەسانە بوون، کە لە حەز و خولیاکانیاندا نغرۆببووبوون، بەڵام هەر ئەوانن، دواتر دەبنە خاوەن دیدگا. دوور لە ترسان لە ڕووبەڕووبوونەوەی خراپە و ژیان لە باوەشی باشەدا، دەبێت لە ئاژاوەدا بژییت و، باش و خراپ بچەژیت، تاکوو ببیتە خاوەن یاسایەکی تایبەتی ژیانت، کە لە ئەنجامی دەرگیربوونی باش و خراپدا، دەستتکەوتووە!".

## گۆڕان بۆ دێمیان دەستپێکرد

"هەنووکە دەتوانم زۆر شت ئەنجامبدەم، کە لە دێمیانەوە فێربووم!".

نامەیەکی لە دێمیانەوە پێگەییشت، باسی ئەو خودایەی دەکرد، کە دەبوو باوەڕی پێبهێنێت. ناوی **ئەبراکساس** بوو، دەوترا یەکێکە لە خواوەندەکانی میسڕ، لەهەمان کاتدا

شەیتانیش بوو. ئەبراکساس، هەم خودا و هەم شەیتان بوو لەیەک کاتدا – واتە ترۆپکی باش و خراپ، لەیەک کەسدا –.

"هەموو ئایینێک جوانە، ئایین ڕۆحە، ئیتر ئەگەر مەسیحیی بیت، یان بچیتە مەککە بۆ حەج. بەڵام هەنووکە ئایین، بەشێوەیەکی دیکە پەیڕەودەکرێت؛ بووەتە کۆمەڵەئەرکێکی ڕۆژانە، کە نابێت هیچیان فەرامۆش بکەیت!".

لەو ماوەیەدا سەنکلیر، وەرزشی ڕامانی ئەنجامدەدا، فێری گەییشتن بەو حاڵەتە بوو، کە بەربەستەکانی چوون بۆنێو ڕۆح لادەبەن؛ ئەودەمەی سنوورەکانی گەییشتن بە سرووشت نامێنن و، ئاوێتەی دیاردە سرووشتییەکان دەبین؛ "ئێمە جیاوازیی لە شتەکانی چواردەورمان ناکەین، کە لە سرووشتدا هەن، چونکە خواوەندەکان لەنێو زاتی خۆیان یەکگرتوون و، لە هەموو شتێکی سرووشتدا هەن. هەمووومان لە خەسڵەتەکانی جیهاندا یەکدەگرینەوە. لەنێو

ڕۆحماندا، شتە زیندووەکانمان هەڵگرتووە. خۆ ئەگەر مرۆڤ لەسەر ڕووی زەویی نەما و تەنها منداڵێکی نیمچە داهێنەر مایەوە، کە هیچ لە ڕۆشنبیریی فێرنەبووە؛ ئەوا هەر ئەم منداڵە، دەتوانێت سەرلەنوێ شتەکان درووستبکاتەوە، وەک خودا، شەیتان، بەهەشت، ئامۆژگاریی، **پەیمانی کۆن** و **پەیمانی نوێ**!..."

هیسە لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا، شکۆی مرۆڤی بینی کە نەدەما، ئاخر مرۆڤەکان بەکۆ، لەبەر ڕێژنەی گوللەدا دەمردن؛ چ شتێک وا لە ژیانی مرۆڤ دەکات گرنگ و پیرۆز بێت، ئەگەر بە تاکە گوللەیەک ژیانی نەمێنێت؟! ئاخر هەموو مرۆڤێک لە ڕوانگەی هیسەوە، خاڵێکی تەنیا و گرنگ بوو، کە دیاردەکانی جیهانی لێوە درووستدەبوون، ئەم مرۆڤەیش یەک جار دەژی و دووبارە نابێتەوە.

لێرەدا وانەیەکمان لە هیسەوە بەرگوێ دەکەوێت، کە لە زاری دێمیانەوە دەیڵێت، باسی بێئومێدیی خۆی دەکات لە نەمانی شکۆی مرۆڤ؛ "هەموو مرۆڤێک، ملکەچی ئەوی دی

دەبێت، چونکە لێی دەترسێت. ڕۆحی بەکۆمەڵ، هیچ نییە جگە لە حەزی ئەو کۆمەڵە، تۆیش تەنیا ئەو کاتە دەترسیت، کە لەگەڵ خۆتدا ئاوێتە دەبیت. ماوەی سەت ساڵ و زیاتریشە، ئەورووپا جگە لە خوێندنی چۆنیەتی درووستکردنی کارگەکان، هیچی دیکەی نەکردووە. دەزانن چەند گرام لە تەقەمەنیی پێویستە بۆ کوشتنی مرۆڤێک، لێ نازانن چۆن نوێژ بۆ خودا بکەن و، چۆن دڵخۆش بن، ئەگەر بۆ ماوەی کاتژمێرێکیش بێت! ئەوەی ئێمەی تێداین، گوزارشتە لە نەمانی شکۆ. کۆمەڵگەیەکی بۆگەنکردووە، جیهانی بۆگەنکردوویش، تەنها چاوەڕوانیی داڕووخانی لێدەکرێت. ئەو بارودۆخەی هەنووکە جیهان تێیدایە، پێویستە بمرێت و بنێژرێت، ئەمەیش هەر ڕوودەدات!".

هەر لەو ماوەیەدا، دووبارە دێمیانی بینییەوە، کە بۆلای دایکی بردی. ئالەوێدا هەموو ئەوانەی دۆزییەوە، کە بەدوویاندا دەگەڕا. دایکی گوزارشت بوو لە سرووشت و

ژیان و دایکایەتیی؛ **لیلیث**، کە لە ئەودا بەها پاک و پیرۆزەکان هەبوون.

چیرۆکەکە تەواو بوو، سەنکلیر بەجۆرێک لەو ئافرەتەی دەڕوانی، کە ڕەنگدانەوەی خودی ئەوی تێدایە. دوور لە بەربەستەکان زاتی خۆی دۆزییەوە، دواجار توانی بژی، بەوشێوەیەی کە خۆی حەزدەکات، نەک بەپێی حەزی کۆمەڵگە و کەسانی دەورووبەری!

# هێرمان هیسە؛ ئەوەی دارەکان فێریانکردین، دەربارەی ناسنامە و ژیان

**موحەمەد مووسا**

وەشانخانەی تایبەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی هیسە، کۆمەڵێک وتاری کۆکردنەوە، کە دەربارەی دارەکان نووسیبووی. لە کتێبێکدا و بەزمانی ئاڵمانیی، لەژێر ناوونیشانی؛ **دارەکان: یادەوەریی و شیعر** ( Bäume: Bertrachtungen und Gedichte) چاپ و بڵاوکردەوە.

کتێبەکە ساڵی ١٩٨٤ چاپ بوو، کۆتا چاپیشی لە ٢٠١٤ بوو. بەڵام جگە لە چەند کۆپلەیەکی کەم و سادە نەبێت، کە

لەلایەن خوێنەرانەوە وەرگێڕدراوە، هێشتا بۆ زمانی ئینگلیزیی وەرنەگێڕدراوە. ئەمەیش چەند کۆپلەیەکیەتی، کە لەزمانی ئاڵمانییەوە وەرگێڕدراوە:

"دارەکان هەمیشە بەهێزترین وتارەکان بوون، کە ڕۆدەچوونە نێو قوڵاییی خودم. من بەپیرۆزیان ڕادەگرم، کاتێک بە هۆز و خێزانی جیا جیا دەژین، لە کێڵگە و دارستانەکان. بگرە ئەو دارە تەنهایە پیرۆزدەکەم، کە وەکوو خەڵکە پەراوێزخراوەکانن. دارەکان وەک ئەو خواپەرستانە نین، کە لە لەرزۆکیی خۆیاندا هەڵهاتن، بەڵکوو وەک ئەو پیاوە مەزن و یاخییانەن؛ **بیتهۆڤن** و **نیتچە**!".

"بەدرێژییەکانیان، ئاوازێکی نەرم و ناسک بە دونیا دەبەخشن. بەڕەنگەکانیان، کە هەتا ناکۆتا درێژدەبنەوە، بەڵام خۆیان لە قوڵاییی ئەم قورەدا ون ناکەن. بەهەموو هێزی خۆیان، ژبەر یەک ئامانج دەجەنگن؛ ئەویش

وەفادارییە بۆئەو یاسایانەی بۆ خۆیان داناوە، هەتاکوو بەو وێنە تایبەتەوە دەرکەون، کە گوزارشتە لە هەموو دارێک. چ شتێک لەوە قەشەنگتر نییە، هیچ شتێک وەک ئەو دارە جوان و بەهێزە، نموونەیی نییە!".

"کاتێک یەکێک لە دارەکان دەبڕیتەوە و، زامە ڕووتە مردووەکەی بەری ڕووناکیی دەگرێت، هەنگێ مرۆ لەڕێگەی ئەڵقەی دارەکانەوە، دەتوانێت مێژووەکەی بخوێنێتەوە. ئەوانە ئەڵقەی تەمەن، زام، قوربانیی، ئێش و ئازار، سەرجەم نەخۆشیی، دڵشادیی و خەمباریی ئەو دارەن. ئەو ئەڵقانە، ساڵانی هەورین و باوباران و نەهامەتیی ئەو دارە دەسەلمێنن!".

"هەر کوڕێژگەیەک، تەمەنێکی زۆر لەگەڵ داردا ژیابێت، ئەوە بەباشیی دەزانێت، بەهێزترین دارەکان ئەوانەن، کە ئەڵقەکانیان تەسک و بچووکە. هەرچەندە درێژتر بوو و لە

مەترسیی نزیکبووەوە، زیاتر ڕەگدادەکوتێت و بەهێزتر دەبێت، هەتا وای لێدێت، شکانی ئەستەم بێت!".

"دارەکان پیرۆزن، ئەوی بزانێت چۆن لەگەڵیاندا دەپەیڤێت، ئەوی فێربێت چۆن لەگەڵیاندا مامەڵەدەکات، دەتوانێت زێدەتر لە ڕاستیی نزیکببێتەوە؛ ڕاستیی ڕاکردوو لەدەست وردەکارییەکان، ڕاستیی جاویدانیی ژیان!".

"دارێک دێتەگۆ: کرۆکی شتەکان، درەوشانەوە و هزر، لە ناخی مندا شاردراونەتەوە. من ژیانێکی درێژبووەوەم، لەو ژیانە جاویدانییە. ئەو مەترسیانەی ژیان درووستیدەکەن، لە ناخی منەوە دوورن، تەنها لە شێوە و ڕوخسارمدا دەردەکەون، نەک لە کرۆک. من بۆئەوە هاتمەبوون، تاکوو ژیانی جاویدانیی، لە وردترین وردەکارییەکانمدا، ڕەنگبدەنەوە!".

"دارێکی تر دێتەقسان: من لە هێزی خۆم دڵنیام. چ شتێک دەربارەی باووباپیرانم و، ئەو هەزار دارۆچکەی هەموو بەهارێک لە منەوە لەدایک دەبن، نازانم. من تەنها نهێنیی ڕەگەکانم دەدۆزمەوە، بێ لەوە هیچ شتێکی تر بۆم گرنگ نییە!".

"من دڵنیام خودا لە ناوەوەی مندایە، دڵنیام لەوەی لەدایکبوونم پیرۆز بووە. هەر بەو دڵنیاییەوە، ژیانی خۆم دەگوزەرێنم!".

"کاتێک برستی ژیان ناکەین، دارەکان پێمان دەڵێن: هێوربە، هێوربە و سەیری من بکە، وازبهێنە لە بیرکردنەوەی مندالانە، ژیان ئاسان نییە، هەروەها قورسیش نییە! تەنها گوێ لە قسەکانی خودا بگرە لە ناختدا، لەوەوە باوەڕی خۆت بەدەستبهێنە. ئایا دڕدۆنگ و بەگومان دەبیت، لەوەی ڕێگەکان لە نیشتیمان و باوەشی دایک دوورتدەخەنەوە؟

باش بزانە؛ هەر هەنگاوێک هەڵیدەگریت، هەر ڕۆژێک بەسەرتدا تێپەڕدەبێت، بەرەو باوەشی دایکت دەبەن. نیشتیمان لێرە و لەوێ نییە، گەر لەنێو ناخی خۆتدا نەبێت؛ ئەوا هیچ نیشتیمانێکت نییە!".

"سۆزی گەڕان باڵی بەسەر دڵمدا گرتووە، کاتێک گوێ لە خشە و دەنگی گەڵاکان دەگرم، لەژێر کاریگەریی تریفەی مانگەشەو و با. ئەگەر مرۆ گوێ بۆ ئەو سۆزە ڕادێرێت، ئەوا تۆوی ونبووی مانای ژیان دەدۆزێتەوە. ئەمە ڕێگەیەک نییە بۆ دەربازبوون لە ئازارەکان، هەرچەندە وایش دەردەکەوێت؛ بگرە ئەمە سۆزی گەڕانەوەی نیشتیمان و، یادەوەرییەکانی دەمی منداڵییە. هەر ئەو سۆزەیە، بۆ نیشتیمانت دەگەڕێنێتەوە، هەتا بۆت دەردەکەوێت؛ هەموو ڕێگەیەک، ڕێگەی گەڕانەوەیە بۆ نیشتیمان. هەموو هەنگاوێک؛ دووبارەلەدایکبوونەوەیە، بۆ شتێک کە درکی پێناکەیت. هەروەها گشت هەنگاوێک، مردنێکی ترە. هەموو سنوورێکیش، باوەشی جاویدانیی دایکە!".

"کاتێک شەوانە، گیرۆدەی دەستی بیرکردنەوە منداڵانەکانمان دەبین، گوێمان لە دەنگی گەڵاکان دەبێت؛ باسی دارە گەورەکان و هێمنیی و خۆڕاگریی ئەوانمان بۆدەکەن. دارەکان لە ئێمە زرنگترن، کاتێک بەرامبەریان ڕادەوەستین و گوێیان بۆ ڕادەدێرین. بەڵام کاتێک فێردەبین گوێیان لێبگرین، هەنگێ بیرکردنەوە منداڵانەکانمان، دەبنە شتگەلێکی شادییهێن!".

"ئەوی دەیەوێت گوێ لە دار بگرێت، نایەوێت ببێتە دار. جگە لە خۆی، نایەوێت ببێتە هیچی تر؛ ئەمەیە نیشتیمان و خۆشنوودیی!".

"هەمیشە بەدووی ڕاستییەوەم، بەڵام لە پرسیاری کتێب و ئەستێرەکان دوورکەوتمەوە، دەستمکرد بە گوێگرتن لە خوێنە چۆڕەوەکانی نێو ناخم، کە چپەیان بۆدەکردم!".

# بۆ شاعیرێکی لاو

## هێرمان هیسە

سوپاس بۆ نامە جوانەکەت و شیعر و چیرۆکەکانت. نامەکەت گوزارشتە لە بڕوابەخۆبوونێکی پتەو، کە بەداخەوە من پێم باش نییە. ئاخر تەنانەت گەر کێشەی بینایی و کاتکەمییشتم نەبایە، ئەوا ئەوشتەی داوایدەکەیت، من ناتوانم پێت ببەخشم. تۆ شیعرەکانی خۆتم بۆ دەنێریت و، داوادەکەیت بیانخوێنمەوە و ڕای خۆمت لەبارەیانەوە پێبڵێم،

بەومانایەی؛ داوای کۆمەڵەبڕیارێکی سەخت و بەرزڕاگرتنم لێدەکەیت. دەڵێیت گوایە قسەکانی من ئاوی دڵت نادەنەوە و، پرسیارێکی سادەم لێدەکەیت؛ "ئایا من شاعیرم؟ ئایا تا ڕادەی چاپکردنی دیوانەشیعرێک، بەهرەمەندم؟ ئایا دەتوانم کتێبێکی خۆمم هەبێت؟!".

هیچ شتێک لەوە زیاتر دڵخۆشم ناکات، کە بتوانم وەڵامێکی سادە، بۆ ئەم پرسیارە سادەیەت بدەمەوە، ئەگەرچیی ئەستەمە. من وای دەبینم، مەحاڵە لە چەند پارچەشیعرێکی شاعیرێکی گەنج، کە نایناسم، بەهرەکانی شاعیربوونی هەڵبهێنجم. بێگومان ئاشکرا و ڕوونە ئەگەر تۆ خاوەنی بەهرە بیت، هەرچەندە بەهرە گرنگیش نییە، ئاخر کەسێک لە تەمەن و ڕۆشنبیریی تۆ، تەنها بەهرە سرووشتیی و زگماکییەکانی هەیە، ئەگەر نەتوانێت شیعر و وتاری باش و قایلکەر بنووسێت.

سەرەڕای ئەوەیش، بێگومان بەخوێندنەوەی شیعرەکانتدا تێدەگەم، کە تۆ **نیتچە**، یان **بۆدلێرت** خوێندووەتەوە یان نا، یاخود ئەم یان ئەو شاعیر، کاریگەریی لەسەرت

جێهێشتووە. بێ لەمانەیش، دەزانم گەر وانەیەک لە دەروونشیکاریی و سرووشت فێربوویت. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەمانە پەیوەندییان بە بەهرەی شیعرییەوە نییە، ئەمەیش بە سوودی شیعرەکانت دەشکێنەوە. تەنها دەتوانم ئەزموونەکەت هەڵبسەنگێنم و وێنەیەکت لە مێشکمدا چێبکەم، لەوە زیاتر توانای هیچی دیکەم نییە. ئەوی لەڕێگەی ئەزموونە پێشوەختەکانتەوە، توانای ئەدەبییت هەڵدەسەنگێنێت، ئەوا هەڵسەنگاندنێکی ڕووکەشیانەیە. ئەگەر نەڵێم کەسێکی ڕیاکارە، ئەوا ئەم قسەیە لە مێشکی خۆتدا بچەسپێنە:

بێگومان دوای خوێندنەوەی **فاوست**، ناکرێت بە **گۆتە** بڵێین شاعیرێکی بەهرەمەند. بەڵام دەکرێت پاش خوێندنەوەی کارە سەرەتاییەکانی، بگرە کۆتاییەکانیشی، کتێبۆچکەیەکی شیعریی بنووسیت. بێ لەوەی ئەم نووسەرە لاوە، جگە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی خوێندنگەی، بەهرەیەکی شیعرنووسینیشی هەیە. بەمشێوەیە، تەنانەت بەخوێندنەوەی شاعیرە گەورەکانیش، ناکرێت یەکەم هەوڵی شیعرنووسینیان بەرزبنرخێنین.

مرۆ دەتوانێت لە شیعرەکانی **شیللەر** و **س. ف. مایەریش**، کۆمەڵەهەڵەیەکی زەق دەستنیشانبکات. بڕیاردان لەسەر بەهرەی گەنجێک، بەوشێوەیە قورس نییە کە لێی دەڕوانین. بۆیە گەر لە نزیکەوە نەتناسم، ناتوانم قۆناغەکانی گەشەسەندنت بزانم. لەوانەیە هەندێک هەڵە لە شیعرەکانی خۆتدا بدۆزیتەوە، دوای شەش مانگێکیش کە دووبارە دەیانخوێنیتەوە، پێکەنینت پێیان دێت. وێدەچێت هەندێک حاڵەتت بەسەردا هاتبێت، کە بەهرەیەکی وات دەستکەوتبێت، لەوە باشتر نەنووسیت. ڕەنگە ئەو شیعرانەی بۆ منت ناردووە، باشترینەکانت بن، لێ لەهەمان کاتدا، لەوانەیە خراپترینیشیان بن! هەندێک بەهرە لای نووسەر هەن، کە لە بیستەکانی سەرەتای تەمەنیدا دەگەنە لوتکە، دواتر نامێنن. لای هەندێکیش بەپێچەوانەوە، لە سییەکانی تەمەنیدا و بگرە دواتریش، بەهرەکانی دەردەکەون.

بۆیە گەر دەزانیت دوای پێنج یان دە ساڵ، دەبیتە شاعیرێکی ڕاستەقینە؛ ئەوا هەرگیز پشت بە شیعرەکانی ئەمڕۆت مەبەستە!

بەڵام بابەتەکە ڕوویەکی دیکەی هەیە، دەبێت کاتی بۆ تەرخانبکەین؛ بۆچیی دەتەوێت ببیتە شاعیر؟ ئەگەر بۆ بەناوبانگبوونە، ئەوا کایەیەکی هەڵەت هەڵبژاردووە، چونکە ئەمڕۆکە ئاڵمانەکان، زۆر گرنگیی بە شاعیرەکان نادەن، بگرە دەتوانن تەواو دەستیان لێبشۆن.

بابەتەکە بۆ پارەیش دەستدەدات. گەر دەتەوێت ببیتە بەناوبانگترین کەسی ئاڵمانیا وەکوو شاعیرێک – گەر چاو لە شانۆیش دابگرین –، ئەوا نابیت؛ بە بەراورد لەگەڵ بەڕێوەبەر، یاخود یاریدەدەری بەڕێوەبەرێکی کارگەی گۆرەویی یان دەرزیی دروستکردن! بەڵام لەوانەیشە، لەناکاو بڕیاری شاعیربوونت دابێت، چونکە وادەزانیت شاعیر مرۆڤێکی باڵا، زرنگ، ئاگامەند، پاک و بەرزەفڕە. ڕەنگە شاعیرت لەئاست بازرگانێک دانابێت. پێدەچێت قوربانییتدابێت، تا ببیتە شاعیرێک بۆ ناوبانگ نەنووسیت، بگرە تەنها لەبەرئەوەی وای دادەنێیت، شاعیر مرۆڤێکی بەرزە و، توانایەکی سەیری هەیە بۆ ئازادبوون! بەڵام لەڕاستیدا، شاعیر مرۆڤێکی بەرپرسیارە، دەبێت بەتەواویی

خۆی بۆ شیعر تەرخانبکات، ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر بەهرە شیعرییەکەی، تەنها ماسکێک نەبێت.

ئەگەر بەوشێوەیە بیرتنەکردەوە، ئەوا لەسەر ڕێگەی ڕاست هەنگاوهەڵدەگریت. بەڵام لەهەمان کاتدا، چ جیاوازییەکی نییە، ئەگەر ببیتە شاعیر یان نەبیت. ئاخر ئەو ئەرکەی لەسەرشانت ناوە، ئەو ئامانجەی بەتەمایت، ئەو قوربانییدان و هەستی بەرپرسیارێتییە، لەپاڵ شەونخوونیی بەردەوام، هەمووی بۆئەوەیە؛ ڕستەیەکی جوان و ڕێک بنووسیت! ئەمانە سیمای شاعیری ڕاستەقینەن، بگرە سیمای مرۆڤی سەرکەوتوو و بەرپرسیاریشن. ئێستەیش، ئەگەر ئیلهامی نووسینەکانت، تەنها ناوبانگ و پلە و پارەیە؛ ئەوا شاعیر نیت، بگرە برای شاعیریت! ئەمە سەرەڕای ئەوەی نووسینی شیعریی لای کەسێکی لاو، تەنها ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی نییە، بگرە دەرهێنانی کارە هونەرییە جوانەکانە بۆ جیهان و، درەوشانەوەیانە.

بەمانایەکی تر: دەکرێت شیعرنووسین ڕەهەندێکی دیکەی هەبێت، جگە لەو سەرکەوتنانەی بەدەستیدەهێنیت، پێداویستییەکی ڕۆحییە بۆ خودی شاعیر.

لە چاخەکانی پێشوودا، شیعرنووسین کەرەستەیەکی گرنگ بووە بۆ پێگەییشتنی شاعیر، نەک تەنها خۆڕاهێنان لەسەر زمان، بگرە مرۆڤ بەشێوەیەکی قووڵتر، ئاشنای خودی خۆی دەبوو، بەشێوەیەک کە لەتوانای مرۆڤی ئاساییدا نەبوو. ئەمیش لەڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی دەروونیی و خودیی، هەروەها بەگەڕخستنی هێزەکەی، بەشێوەیەکی باشتر.

بۆ کەسێکی لاو، شیعرنووسین ئەم مانایەی هەیە، پێشئەوەی پرسیاری ئەوە بکات، ئایا شیعرەکانی لای خەڵکیی، هیچ بەهایەکیان هەیە؟!

وشەی خود، ئەمڕۆکە هەمان مانا هەڵناگرێت، کە لەڕابردوودا هەبووە. بۆنموونە لە سەردەمی گۆتە، لەڕوانگەی بۆرژوازیی و پرۆلیتارییەوە، لە وشەی خود ڕوانراوە، چ هەوڵێکیش نەدراوە، لەنێوان ئەم دوو چینەدا،

مانایەکی دیکە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی، تەندرووست، هەنژیی و سادە، هەڵبهێنجرێت.

کارگەکانیش، بەوردیی کاریان لەسەر داماڵینی ئەو واتایانەیان بۆ مرۆڤ دەکرد. بەڵام لە ئاڵمانیا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، قەیرانێکی بکوژ ڕووی لەو مانایانە کرد، کە لە هێز و بەرپرسیارێتیی ئەو خەڵکەی کەمدەکردەوە، بەمشێوەیە، جگە لە مرۆڤێکی لەقاڵبدراو، هیچی تر نەهاتەبەرهەم.

ئەو کێشەیەی ڕووی لە چالاکیی سیاسیی، کاری حیزبیی و پەرلەمانیی کردووە، ئەم کەموکورتییە بەڕوونیی دەردەخەن. بێگومان ئەمانە، لە شکۆی مرۆڤ کەمدەکەنەوە.

پێویست ناکات بەهۆی شیعرەکانتەوە، بەرگەی توانج و بێزاریی هاوڕێکانت بگریت، ڕەنگە ئەمە یارمەتییدابیت، لەوەی پێبگەیت و چەند پلەیەک بەرزببیتەوە.

لەوانەیە دوای ماوەیەکی زۆریش بۆت دەربکەوێت، شیعر بۆ دەستکەوتنی هەندێک شتی سواو، گونجاو نییە. بەڵکوو

بۆئەوە دەبێت، تاکوو لە هەندێک بواری دیکەدا ئەزموون وەربگریت، کە دەگەیتە قۆناغێک وا هەستدەکەیت بۆئەوە کردووتن، تاکوو تێیاندا بژییت!